

بە تیشکی ئێشقت
ئەدرەوشێمەوە

be tîşkî Eşqt

**Edrewşêmewe**



# به تیشکی ئەشقت ئەدرەوشێمەوە

ستیڤان شەمزینی

شیعر

٢٠١٧

ناوی کتێب: بە تیشکی ئیشقت ئەدرەوشێمەوە
بابەت: شیعر
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: سکای دیزاین
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٧
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (     ) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە

## من موسافیر و
## دوایین پێغەمبەری ئەشقم

من موسافیرێك بووم لە ژیاندا
لەبەرئەشق نەپەرژامە سەرهیچ
هەموو سووڕی ژیانم بریتی بوو
لە خوێندنەوەی دڵۆپێك فرمێسك
کە بۆ ئەشق رژاوە
سەدان شەو بەدیار حنجەکردنی
سورەتی دڵشکانەوە رۆژم کردۆتەوە
دەیان ئێوارە لە پەنا ئازارەکانمەوە
وەك مۆمێکی بێدەنگ لە چاوەڕوانی
یەك هاتندا هێدی هێدی تواومەتەوە
من موسافیرێك بووم
هەروەك سێوێکی ئاشق

ملم لە هەزار چەقۆی دڵڕەق سویوە
وەك كارمامزێكی سرك
سەدان هەورازو كەندەڵانم بڕیوە
لەگەڵ هەرپەڵە هەورێكدا
چاوەڕوانی بارینی سۆز بووم
لەگەڵ هەر«با»یەكدا
چاوەڕوانی بۆنی عەتری ئەشق بووم
من موسافیرێك بووم
هەموو تەمەنم بەدیارخەونێكەوە بەڕێكرد
هەرچی گەڵای وەرزی خەزانە ئەمناسن
چی زەریاكانە قەرزاری فرمێسكەكانمن
چی ئەستێرەكانن هاوڕێی شەوە تەنهاكانمن
كوكوختییەكانیش شاهیدی مەستییەكانمن
من پیاوێكی موسافیرم
لە خەیاڵەكانمەوە ئەشق فوارە ئەكات
لە خەونەكانمەوە شیعر هەڵدەقوڵێ
لە تەنهاییەكانمەوە خوێنی ئەوین فیچقە ئەكا
لە نائومێدییەكانمەوە ئەسرین دەردێ
لە پێكەنینەكانمەوە گووڵە شەوبۆ دەڕسكێ
لە هەستی بێ كۆتاشمەوە تۆی لێ دەڕژێ
من پیاوێكی موسافیرم

بۆ سەفەرێکی کورت کورت هاتوومە ژیانەوە

لەو سەفەرەشدا

ئەمەوێ پێکەنین لەگەڵ لێوەکان ئاشت بکەمەوە

ئەمەوێ ئەوین بخەمە رستەیەکی تەواوەوە

ئەمەوێ دواین پێغەمبەری خۆشەویستی بم

ئەمەوێ ئینجانەکان پڕبکەم لە گوڵی ئەشق

ئەمەوێ دارستانەکان پڕبکەم لە خەندەی کوژراو

ئەمەوێ و زۆریش گەرەکمە

ئاسمان بکەمە کۆڵانێك بۆ ژووانی ئاشقان

شت زۆرە بمەوێ بیکەم

بەڵام بیرتان نەچێ موسافیرم، فریا ناکەوم

من پیاوێکی موسافیرم

گەڕیدەیەکم هەموو جوگرافیای دڵم تەی کردووە

کاپتنی کەشتی خەیاڵم و رێی هەموو ئاسمانەکانم بڕیوە

من پیاوێکم لە دڵشکان و ئازار

لەوەتی کوژران هەیە، بۆ ئەشقی تۆ ئەکوژرێم

لەوەتی سووتان هەیە لەناو گڕی سینەتا ئەسووتێم

لەوەتی گریان هەیە من هەرئەگریم و هیچ شتێ

جگە لە ئەوینی تۆ ژیرم ناکاتەوە

من پیاوێکی موسافیرم

بە کۆڵێ خەمی قووڵ و نەبڕاوەوە هاتووم

هەواڵنامەی کتێب

بە دڵێکی پەمەیی و خەونێکی سپییەوە هاتووم

هاتووم تا پێتان بڵێم ئەشق بکەنە ئاینتان

هاتووم تا بیرتان بخەمەوە ئێوە چۆن دڵی

ئەوینتان لە خۆتان تۆراندووە؟

هاتووم بیخەمەوە یادەوەریی کاڵتان

چەند دوورن لە خۆشەویستی و

چەندیش لەناو جەراعەتی کینەدا تواونەتەوە

هاتووم بڵێم من دواین پێغەمبەری ئەشقم

خواوەوەندی خۆشەویستی ناردوومی

بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئەوین

ئەوەشتان پێ بڵێم کە دوای من

هیچ پێغەمبەرێکی تر نایێ

هەرخۆمم دواین پێغەمبەری ئەشق

هەرخۆمم .......

ئەڵمانیا - کۆڵن

٢٠١٦-١١-٢١

هەواڵنامەی کتێب

# لە وەتی تۆم ناسیوە

لەوەتی تۆم ناسیوە
هەناسەکانم گووڵ دەگرن
رۆحم بە ئاوی ئەشقت پیرۆزبووە
چاوەکانم بوون بە تیشکی رووناکی و
شەوەزەنگیان کردووم بە چراخان
لەوەتی تۆم ناسیوە
ژاوەژاوەکەی ناورۆحم ئارام بۆتەوە
کانی شیعرم تەقیوە و
باڵام هەررۆژەی چەپکە نێرگزێك دەگرێ
زمانم تەڕو پاراوتر بووە
جەستەم بە ئاوی لەززەت تەعمید بووە
لەوەتی تۆم ناسیوە

هەواڵنامەی کتێب

دڵم بووە بە مەملەکەتی شادی
وتەکانم بوون بە گوڵاوی باڵای تۆ
هەستەکانم ئاورینگیان لێ دەبارێ
باڵم گرتووە بەرەو قووڵایی چارەنووست
لەوەتی تۆم ناسیوە
نقومی مەستی و شەراب بووم
مەستم بە نیگای سپی باوت و
مەستم بە شەرابی چاوت
مەستم بە زەردەخەنەی نەرمت
مەستم بە شەرابی لەشت
لەوەتی تۆم ناسیوە
خۆر لێم ئاوا نابێت
مانگ هەمیشە یاوەرمە
خەون بە لەززەتی شیعرێکەوە ئەبینم
کە مەمك و سنگی تۆی تیا باس کرابێ
لەوەتی تۆم ناسیوە
گەرمایی لەشت جەستەی ساردمی گرتۆتەوە
گەرمایی ئەشقت سەهۆڵبەندانی رۆحمی تواندەوە
نیگای جادوویت دەمخاتە سەرلێواری خۆشی
رۆژانی تەنهاییم لێدەکاتە خەونێکی دوور
لەوەتی تۆم ناسیوە

بۆکوێ بڕۆم رۆحی پەروانەت لەگەڵمایە
بۆکوێ بێم جوانی تۆ هەربەتەنیشتمەوەیە
وەك کۆترێکی سپی دێیتە ناوماڵی بێکەسیمەوە
وەك کوکوختییەك هێلانە لە بەرزایی رۆحما چێ دەکەی
لەوەتی تۆم ناسیوە
بە ئاوی چێژو شەرابی لێوت خۆم دەشۆم
لە چاوەکانتا وەك پاپۆڕێکی تێکشکاولەنگەردەگرم
وەك سەدەفێك لە دەریای حەزەکانتا نغرۆ بووم
بە هەوای هەناسەت نەفەسی ژیان دەدەم
لەوەتی تۆم ناسیوە
وەك ونبوویەك خۆم لە تۆدا دۆزییەوە
وەك چرۆیەك لە باخی تۆدا شین بوومەوە
بە چەشنی پەروانە بەرەو رووناکی تۆ دێم
بەو سووتانە دەژیم لە ئەشقی تۆوە چنگم دەکەوێ
لەوەتی تۆم ناسیوە
خوێنم بووە بە تۆ و رەنگی تۆی گرتووە
ئاشنای ماڵی پاسارییەکان و
رەنگی سەوزی ژیان بووم
لەوەتی تۆم ناسیوە
من هیچم نەماوەتەوە بۆ خۆم
هەموو شتێکم بووە بە هی تۆ

هەواڵنامەی کتێب

تەنانەت ناوی خۆم لێ ون بووە
سەرلەنوێ ناوم بنێرەوە
لەوەتی تۆم ناسیوە
هەموو شتێکم بووە بە تۆ
تۆش بووی بە هەموو شتێکی من
لەوەتی تۆم ناسیوە.....

کۆتایی ئابی ٢٠١٤
سویسرا - بێرن

هەواڵنامەی کتێب

# تارژەنێکی شێتم

تارژەنێکی شێتم
نۆتەی ئەشق بەسەرشاردا دەبەشمەوە
جادووگەرێکی بێ ناونیشانم
جادووی ئەوین لە خەڵکی شاردەکەم
ئەستێرەناسێکی بێ ئۆقرەم
رووناکی لە دڵی ئاسمان دەدزم
دێوانەیەکی دێرینم
دەردەدڵ بۆ دەریایەکی بەساڵاچوو ئەکەم
راهیبێکی بێ پەرستگام
رازەکانم ئەدەم بە دەمی توندترین رەشەباوە
قاوەگرەوەیەکی خوێن ساردم
ناولەپی شوومی رۆژگار ئەخوێنمەوە
مۆمێکی شەوق کزم

هەواڵنامەی کتێب

تاریکی شەوەکان تەفسیر ئەکەم
کۆچەرێکی بێ هیوام
لە کڵاورۆژنەی خەمەکانەوە لە ژیان ئەڕوانم
باخەوانێکی ماندووم
تەرمی خۆم لەودیو باخچەکەوە ئەنێژم
سەربازێکی تێکشکاوم
داستانی دۆڕانەکانم بە شیعر ئەهۆنمەوە
درەختێکی لق و پۆ شکاوم
ژانی شکانی پەلوپۆم ئەگێڕمەوە
منداڵێکی زۆر لاسارم
تەنها لە باوەشی ئەشقدا ژیر دەبمەوە
پیاوێکی ئاوریشمیم
لە ئەوینی تۆدا لە دایك ئەبمەوە

٢٠١٥-١٢-٢٩

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

هەواڵنامەی کتێب

# تۆ بەڵێنی ژوانێک بدە

بەڵێنی یەك ژوانم لێت ئەوێ
تاکو لەئێوارەیەکی نارنجیدا
بە دەم ڕێگایەکی نەبڕاوەوە
مژدەی هەڵاتن بدەین بە گوێی غروبا
دڵی دەریا لە شەپۆلەکاندا بدۆزینەوە
خەونێك لەگەڵ واقیع ئاشت بکەینەوە
ئاڕاستەی بەلەمە جارۆگەدارەکان بگۆڕین
لە ڕۆحی تاشەبەرد قومێ لە ئاوی ئەشق هەڵهێنجین
نەوڕەسەکان بکەین بە پاسەوانی جێژوان
کۆترەکان نامەی ئەوینمان بگەینە دڵی خودا
تۆبەڵێنی ژوانێك بدە
تاکو ئەستێرەیەك لە ئاسمانا زیاتر بدرەوشێتەوە
درەختێکی زەردهەڵگەڕاو دەستی لە خەزان بێتەوە

هەواڵنامەی کتێب

شاخێك چاوێكی شەرمنانە لە شاخێكی تر دابگرێ

لاولاوێك غیرەت بكا یاخی بێ و باخ جێبهێڵێ

هەورێك لە كاتی خۆی پەلە بكا و زووتر بباریێ

ئاسمان چاوی خۆی داخا و خێرا خۆر هەڵبێ

سپێدە بە پەلە خۆی كۆبكاتەوە بەرەو ئێرە بێ

تۆ بەڵێنی ژوانێك بدە

با دەستی وڕێنەكانم بگرم بۆ سەرڕووباری شێتی

دەستی شێتییەكانم بگرم بۆ ئۆقیانووسی دڵ

دەستی دڵم بگرم رووەو ئاوی ئاموونی تۆ

با دەستی خەیاڵم بگرم رووەو واقیعی تۆ

دەستی واقیعی تۆ بگرم رووەو چارەنووسی خۆم

دەستی چارەنووسیشم بگرم بۆ تونی بابای دڵی تۆ

با دەستی خۆزگەكانم بگرم بەرەو لای تۆ

دەستی تۆش بگرم بەرەو دڵی كون كونی خۆم

دەستی دڵیشم بگرم بۆ دەریای بێ بنی دڵی تۆ

تۆ بەڵێنی ژوانێك بدە

من حكایەتێك لە ئەوینی تۆ دادەتاشم

سەدای تاكو چین و سەمەرقەند بڕوا

بە لەززەتی ماچێكت ئاشنا ئەكەم

وەك چیرۆكی هەزارشەو و شەوێك كۆتایی نەیێ

هەواڵنامەی کتێب

لە جەنگەڵی ئەقڵ بۆ هەمیشە رزگارت ئەکەم
ئەبمە چاوساغت بۆ دۆزینەوەی ئیمپراتۆریای دڵ
تۆ بەڵێنی ژوانێك بدە
با من لە دەنگی تۆ ئاوازێکی قەرەجانە دروست بکەم
لە هەناسە نەرمەکانت تەونێك لە شیعری تەڕبچنم
لە پێکەنینە خەمبارەکەت شارێك لە خامۆشی رۆنێم
بە ئاوی سازگاری چاوەکانت مەزرای رۆحم ئاو بدەم
لە هەنسکی شەوانت دووزلەیەك بۆ خەمباریی بژەنم
لە شادییەکانی رۆژانت جیهانێك لە خەندە بخوڵقێنم
تۆ بەڵێی ژوانێك بدە
با گووڵە قەرسیلەکان لە بەردەممان‌دا شکۆفە بکەن
رووناکی لەنێوان دڵ و رۆحی شەیدامان بدرەوشێتەوە
رووبارەکان ئاڕاستەی رۆشتنیان بیربچێتەوە
لولەی تقەنگی سەربازەکان گوڵی سووری تیا بڕوێ
رەشەبای تووڕە ماندووێتی دەرچێ، ساتێ بنوێ
هێمنیش بەیانییەکی بێدەنگ، توند لە ئامێز بگرێ
تۆ بەڵێنی ژوانێك بدە
با دنیای من رەنگی وەنەوشەیی ناخت بگرێ
خەیاڵم وەك ئەسپسوارێ بۆ بەرزایی دڵت سەرکەوێ
ژیانم لە مەراق و بێهودەیی و تێکشکان داشۆرێ

پەپولەی شیعرم لەسەررەیحانەی دڵت بۆ ئەبەد بنوێ

ئەوسا بە ئارامی و بێ چرپە بڕۆ

بەڵام ئاگات لێ بێ، پەپولەی شیعرم هەڵنەفڕێ

تۆ بەڵێنی ژوانێك بدە و

تەنیا بەڵێنی یەك ژوانم ئەوێ

٢٨-٩-٢٠١٦

ئەڵمانیا - کۆڵن

هەواڵنامەی کتێب

# بە تیشکی ئەشقت ئەدرەوشێمەوە

ئەشقت

رۆحی سرك و پەرەسێلکەیی کەوی کرد

پەنجەرەی ژەنگگرتووی دڵی کردمەوە

لە خاچی بێزاریی و تەنهایی دایگرمەتە خوارێ

شارێی روونی ژیان و فڕینی بۆ کردمەوە

شیعرەکانی پڕکردووم لە هیوا و گۆرانی

خەونەکانی لە ئاوی چێژدا تەعمید کردووم

جیای کردمەوە لەو پۆلە پاسارییەی

بێ هیوا رێی تاریکی ئاسمانیان تەی دەکرد

ئەوینت

بەرائەتی لە پەرەی گووڵ بۆ خواستووم

جوانیش لە درەوشانەوەی مانگی چواردە

شەرابی لە گۆزەی خۆشبەختی بۆ دەرهێناوم

ئومێدیش لە باخچە رەنگاورەنگەکانی فیردەوس

هەواڵنامەی کتێب

وردە ئەستێرەی لە ئاسمانی دڵما دۆزیەوە
دەنکە مرواریش لە قووڵایی دەریای ڕۆحما
ئەوینت
زایەڵەیەك بوو عەرشی تەنهایی هەژاندم
تیرۆژێك بوو وێرانەی ڕۆحی پڕکردم لە تیشك
ئەوینت جادوو بوو
جادوو

٢٠١٦-١٢-٨

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

هەواڵنامەی کتێب

# مانیفێستی ئەشق

لە نێوان خۆم و خۆتدا، خۆم لێ ون بووە
تکایە ڕێگەی دۆزینەوەی خۆمم نیشان مەدە
*****
یەک چرکە پێش ئاشقبوون بهێنەرە پێش چاوی خۆت
دنیا چەند هێمن و ئارام بوو، بەڵام چەندیش بێ تام؟
*****
کاتێک بیرلە ناسکیی تۆ ئەکەمەوە
هەست ئەکەم لە ڕۆحی ئەفسانەکانەوە هاتوویت
*****
کاتێک تۆم ناسی
وردە وردە دەستم بە توانەوە کرد
*****

کاتێك مەستی ئەشقت بووم

خوێنم بوو بە مرەکەب و

داستانەکەمانی نوسیوە

*****

بمخەرە دێڕێك شیعرتەوە

بۆ ئەوەی هەمیشە لە سۆزتدا بمێنمەوە

*****

خەونت پێوە ئەبینم

وەلێ لە خەونیشدا هەرتامەزرۆتم

*****

چۆن ئەتوانی جێم بهێڵی؟

مەگەرمن بەشێك نیم لە تۆ؟

کەس هەیە خۆی لەت بکات؟

*****

نامەوێ بۆتۆ بمرم

چوونکە بڕیارمدا بۆتۆ بژیم

مەگەرتۆژیانی من نیت؟

*****

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر ویستت بمکوژیت

نیشانە لە دڵی خۆت بگرەوە

مەگەر مەملەکەتی من دڵی تۆ نییە؟

*****

من نامەوێ بڕۆم

تۆش ناتەوێ بڕۆم

کەواتە رۆیشتن خواستی کێیە؟

*****

ئەگەر رۆیشتی بیرت نەچێت بمبە لەگەڵ خۆت

مەگەر بێ من دنیایەکی ترت هەیە؟

*****

کاتێك بیر لە تۆ ئەکەمەوە

ئاگرێك لە سینەمدا بڵێسە دەدات

*****

ئەگەر ویستت بڕۆی، یەك شتت بیرت نەچێ

فرمێسکەکانیشم ببە لەگەڵ خۆتا

*****

لە دووریتدا ئەسووتێم

کەچی نزیکیشت هەر ئەمسووتێنێ

*****

هەواڵنامەی کتێب

ئەشق فڕینە

منیش ئاسمانێك شك نابەم

*****

ئەشق پیشەسازییە

پیشەسازیی فرمێسك و مردن

*****

کە هەربڕیارتداوە بڕۆی

تکایە خۆمم بدەرەوە

*****

پێکەنینە نەپساوەکەت

سۆناتای رۆحی غەمباری منە

*****

کاتێك تۆ دەرئەکەویت

ئەستێرەکان لە شەرما ئاوا دەبن

*****

تۆ مایسترۆیەکی سەرکێشی

ئەشقی جادوویی من ئەکەیتە سەمفۆنیا

*****

هەواڵنامەی کتێب

لەوەتی تۆم ناسیوە

دڵم هەررۆژەی گوڵێکی گەش دەگرێ

*****

پەیڤەکانت مۆسیقان

زۆر خێرا رۆحم ئەهێننە سەما

*****

خۆشاوی لەشی نەرمت

منی مردووی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە

*****

ئایا بەوەت زانیوە

ئاگری ئەشقت بەربووەتە رۆحم؟

****

دەمەوێ دان بەوەدا بنێم

دنیای منت پڕپڕ کردووە لە خۆت

****

هەست ئەکەم رۆحی «داڤینشی» لە جەستەمدا ئەدرەوشێتەوە

تۆش «مۆنالیزا»یەکی بەرهەمی فڵچەی ئەشقەکەمی

****

بە پێکەنینە پرشنگدارەکەت

پەناگە تاریکەکانی دڵم رووناك ئەکەیتەوە

****

هەست بە بێ ئۆقرەییم بکە

کە وەك دەریا هەمیشە شەپۆل دەدەم

بە ئامانجی گەیشتن بە کەناری دڵت

****

زۆرسەیرە!!

چەند عەوداڵی بەهاری ئەشق بووم

تەنها پایزی دابڕانم چنگ کەوت

****

وا بڕیاربوو

رۆحت پڕبکەیت لە ئەشقی من

دڵت تژی بکەیت لە بۆنی رۆحم

****

وەك سوقرات جامە ژەهری ئەشقم خواردەوە

سەیر ئەوەیە لە بری مەرگ سەرلەنوێ لەدایکبوومەوە!

****

هەرگیز بە فیشەکی گەرمی هیچ سەربازێك نامرم

تەنیا بە نیگایەکی ساردی تۆ نەبێت

****

خۆم زۆر بە دەوڵەمەند دەزانم

چوون لە بری پارە، تۆم هەیە

****

وەکوو ماسییەکی بێ چارە

کەوتوومەتە تۆڕی ئەشقی تۆوە

****

دەنکە مرواریەکم

ئێستا لە بری دەریا

دڵی تۆ نیشتمانی ئەبەدیی منە

****

لە ناو قەرەباڵغییەکی بێوێنەدا ئاشقت بووم

بەڵام بە تەنیاییەکی کوشندەت سپاردم

****

ئامانجی من لە درێژەدان بە ژیان

مانەوەیە لە دڵی پڕ سۆزی تۆدا

****

خەریکی نووسینەوەی رۆمانێکم

کە تیایدا ئەشقی تۆ، من ئەکوژێت

****

راستییەك لەسەرخۆم ئەزانم

مەرگم ئەورۆژەیە لە تۆدائەبڕێم

****

گەرپێتوایە پێویستە بێدەنگ بم

ڕێم بدە لە خەیاڵدا هاواربکەم خۆشم ئەوێی

****

یەك خەیاڵ و یەك خەونم هەیە

ئەویش تەنها ئامێزی میهرەبانی تۆیە

****

هەروەك بەیەك گەیشتنی دوو رووبار

بە بێدەنگی ئەڕژێینە خەونەکانی یەکترەوە

****

نیگای سیحراویت چەند کاریگەرە

هەوێنی هەزارقەسیدەی بێ کۆتاییە

****

هەمیشە لە قووڵایی ڕۆحی پەروانەیتا

ئاوازی ئەشقێکی سەرمەدیی دەژەنم

****

من دەریام و تۆش باران

بەهێمنی ئەبارێیتە سەر دڵی نەرمم

****

هەست بە ترپەی دڵت دەکەم

ئەو ساتانەی دەڵێی خۆشم ئەوێی

****

فرمێسکی گەشی چاوەکانت

زامی چەند ساڵەی من دەشواتەوە

****

ئەو کاتەی غەریبی تۆ دەکەم

هەمان ئەو کاتەیە بیر لە خۆم دەکەمەوە

****

کۆترەکەم هیچ هێلانەیەکت نییە

جگە لە قووڵایی دڵی من

****

هەواڵنامەی کیژ

ئەگەر دەتەوێ بزانی چەند خۆشم دەوێی؟

تەنها گوێ لە دڵی خۆت بگرە

****

یەك شت بخەرە پێش چاوی خۆت

ژیانم بۆ تۆیە و مەرگیشم بۆ خۆم

****

زەردەخەنەکەت زەخرەفەیەکە

هیچ نیگارکێشێك توانای نەخشاندنی نییە

****

ژیانی من لەو ساتەوە دەستپێدەکات

بۆ یەکەمجار تۆوتت خۆشم ئەوێی

****

کاتێك باسی ئەشق ئەکەیت

دڵ و جەستەم دێتە لەرزین

****

ئەشقی تۆ دوو شتی پێ بەخشیم

تەنها و تەنها شیعر و شەراب

****

هەواڵنامەی کتێب

ئەو دەمەی تۆ لێم ون ئەبیت

رۆحم دەبێتە چۆڵەوانییەکی ترسناك

****

تۆ هەر لەو گوڵە گەشاوەیە ئەچیت

لە بیابانی دڵی مندا خەرمانەت داوە

****

ئەڵێن شیعری جوان ئەنووسیت

کەچی تۆ جوانترین شیعری منی کە نەمنوسیووی

****

هەر لەو خۆرە پرشنگدارە ئەچیت

شەوە تاریکەکانم رووناك ئەکەیتەوە

****

ئەزانی پیاوێکی نوستالیژیم؟

هەمیشە لەولەحزانە ئەژیم ئاشنات بووم

****

هیچم لەدەست نایەت بۆ تۆ

جگە لەوەی هەمیشە بتخەمە ناو شیعرەکانمەوە

****

پرشنگی رۆحی تۆ

ژیانی بەخشییە جەستەی مردووم

****

زۆرسەیرە پێکەنینەکەت

لەسەرفرمێسکەکانی من رۆنراوە!!

****

ئەگەربڕیارە نیشتمانێکم هەبێت

تەنها وتەنها ئامێزی گەرمی تۆیە

****

وەك عیسای مەسیح

بە ئەشقی تۆوە لە خاچدراوم!

****

بەیانیان وەك خۆر هەڵێی

شەوان وەك مانگ ئاوا دەبیت

****

هەرکاتێك بیرلە ئەشق دەکەمەوە

دڵم دەستم ئەگرێ بەرەولای تۆ

****

ڕەنگە ڕۆژێك بتوانم دەستبەردارت بم

بەڵام پەیکەرەکەت لە دڵما هەرگیز ناڕوخێ

****

بڕیارمداوە قەسیدەیەك بنووسم

تەنیاییەکانی من بێ تۆ، ڕاڤە بکا

****

شیعرێك لە خەیاڵما تەقیوەتەوە

تەنیاییەکانی تۆ بێ من، ئەنووسێتەوە

****

خەون و خەیاڵەکانم

تەنها تۆی لێ دەچۆڕێ

****

یەك بەڵێنت پێ دەدەم

تەنیا مەرگ ڕامگرێ لە ئەشقت

****

زۆربە ئەسپایی وەرە

دڵی ئاوریشمیم زۆرلە مێژە چاوەڕێتە

****

له جوانیدا شێوەی گووڵ دەچێتەوە سەرتۆ

له ناسکیدا پەپوولە ئیرەییت پێ دەبا

****

زۆرسەرسووڕهێنەرە

هیچ چریەکم ناڕوا بۆ بیرکردنی تۆ

****

لێوت وەك بادە وایە

هەررژایە سەرلێوم پێی مەست ئەبم

****

دەستم دەبێتە پارچەیەك پشکۆ

گەربکەوێتە ناوتەنووری سینگتەوە

****

رۆحم دەکەوێتە سەما

کە پەنجەکانم لە گۆی مەمکت ئەخشێ

****

دەستەکانم کۆترئاسا

لە بەرزاییەکانی سینگتا هێلانە دەکەن

****

ئیرەیی بە ستیانەکەت دەبەم

چوون دەمی لە مەمکەکانت گیرکردووە

****

مەمکەکانت دوو جۆگەی سازگارن

حەزەکەم رۆژی سەد جارلێی بخۆمەوە

****

مەمکەکانت دوو پێکی شیرینن

حەزەکەم رۆژی هەزارجاربینی پێوەنێم

****

مەمکەکانت دوو گووڵی رەونەقدارن

منیش مناڵێکی لاسارکە ئارەزووی گووڵڕنینم هەیە

****

حەزەکەم وەك گەڵایەکی رووت

بۆهەمیشە بوەرێیتە سەرچیمەنی سینگم

****

تۆ دەریایەکی هێمنی

شەپۆلەکانت ئەوینە و

بێدەنگیت تابلۆ

****

تۆ ئینجانەیەکی

دڵم وەك گوڵێکی سوور تێتدا رواوە

****

پێمدەڵێن شیعرەکانت جوانە

بێئاگان لەوەی تۆ لە هەموو شیعرەکانم جوانتری

****

ئەو تاریکییە ترسناکە ژیانی منە

ئەوەش تۆی بە چرای ئەشقەوە بەرەو رووم دێی

****

کاتێك وتت خۆشم ئەوێی بۆ هەمیشە

تۆوی پێکەنینت لە پێدەشتی رۆحما چاند

****

چی لەوە خۆشترە شەرابی ئەوینت

تك تك بڕژێتە گەرووی تینووی منەوە؟

****

هەرکاتێك بڕیارئەدەیت بڕۆی و نەیەیتەوە

چاوەڕوانم لە هەموو کات زووتر بێیتەوە

****

پێم بڵی چ جادوویەك لە دەنگی تۆدایە؟

بە یەك وشە لەگەڵ خۆم ئاشتم ئەکەیتەوە

****

لە کەنارێکی پڕلە ئاگری دۆزەخدا بووم

ئەوکاتەی تاڤگەی ئەوینت بەسەرمدا رژا

****

لە واقیع و خەیاڵەکانمدا هەرتۆ هەیت

پێم بڵێ کوێ هەیە خاڵی بێت لە تۆ؟

****

هەرهەموو پێکەنینەکانی من

بەستراوەتە بە یەك تاکە بزەی تۆوە

****

پرشنگی روونی خۆت دەربخە

شەبەقێك بخەرە ناوتەمومژی رۆحمەوە

****

ئیشی من هەڵمژینی بۆنی عەترەکەت و

رامووسانی پەیکەری بەژن و باڵاتە

****

هەموو رۆژێك چاوەڕوانی نامەیەکی تۆم
تێیدا نوسرابێت چاوەڕێم مەکە، دەمێکە هاتووم
****
بە دوای ئەوەدا وێڵم
شوێنی تۆ، بۆ هەمیشە، دڵی من بێت
****
لە هەموو وێستگەکان چاو دەگێڕم
بەڵکو بریسکەی جوانیت رووناکم بکاتەوە
****
نەرم نەرم بۆنی هەناسەکانت بکە
بزانە بۆنی شیعری منیان لێ نایێ؟
****
لە خەونێکی زێدە خۆش دەچیت
کە هەموو شەوێك لە چاوەڕوانیتام
****
بڕیارتداوە بە بۆیاخی ئەوین رەنگم بکەی
بۆیە خۆم ئامادە کردووە ببمە پەلکەزێڕینە
****

به یەك وشەی تۆ، زریان و گێژەڵووكەی رۆح و
بارانی بەلێزمە و خوڕی چاوەكانم دەوەستن
****
چاوەڕوان بە لە منەوە نامەیەكت پێ بگات
تێیدا نووسرابێت من بووم بە خودی تۆ
****
سپێدان خۆر بە ئیزنی تۆوە لە كەلەوە هەڵدێ
ئەستێرەكانیش بە فەرمانی تۆ پرشنگ لەیەك دەگرن
****
تۆ باڵندەیەكی رووح سووكی بەرزەفڕی كۆچەریت
منیش ئاسمانێكی قووڵ و ساماڵی بەردەمت
****
دەزانی زۆر سەرسامم بە جوانی و تووڕەیی دەریا
چوون تۆم بیر دەخاتەوە كە شەپۆلی ئەوینت دەمبا؟
****
بیانوو بە هەموو شەقامەكانی شار دەگرم
كە هیچیان بۆ یەكجاریش من و تۆ بەیەك ناگەیەنن
****

تۆ لەوسەری دنیاوە دڵخۆشی و پێدەکەنی

من لەمسەری جیهانەوە نەشئەی خۆشی دەمگرێ

****

لە چاپی چوارەمی ئینجیلی ئەشقدا نوسراوە

بە خاچی خۆشەویستی تۆوە هەڵدەواسرێم

****

تۆوی ئەوین لە کێڵگەی بە پیتی رۆحتا بچێنە

منێك لە وەرزی یەکەمی ئەشقدا بدوورەوە

****

من کوڕە قەرەجێکی بێ ناسنامە و ناونیشانم

تۆش نیشتمانێکی زۆر کەساس و زۆریش تەنها

****

لە گۆزەی دەمتا شەرابی شیرینی ژیان دەخۆمەوە

لە باوەشی گەرمیشتا هەنگوینی لەززەت

****

رستەیەکی بە نهێنی بخەرە دڵتەوە و چاو بنووقێنە

تاکو پێتبڵێم کە دەڵێی بۆ ئەبەد خۆشم دەوێی!!

****

لە یەك شت ئێجگار ئێجگار پەشیمانم

کە زۆر زۆر درەنگ تۆم دۆزیەوە

****

لە تەمەنی خۆمدا هەر تەنیا یەك جار تۆم ناسی

کەچی هەزاران شەو هاتوویتە خەونەکانمەوە

****

زۆر بە ئاوازی دەنگی من سەرسامیت

بۆ ئەوەی بزانی موزیکی ئەوینتە لە قوڕگما

****

لەو دووری دوورەوە گۆرانییەکی نامۆ بچڕە

تا من لە نزیکی ئەشقی خۆمی تیا ببینمەوە

****

حکایەتێك هەیە نەنکم لە منالّیا بۆی گێڕاومەتەوە

تۆ دەبیت بە مرواری و لە دلّی دەریادا ئەتدۆزمەوە

****

جارێك بە بەردەم چالّە دۆزەخییەکانی دلّما گوزەر بکە

تاکو بە یەك نەرمە نیگات ببێتە باخچەکانی عەدەن

****

ئێوارەیەك لە دوورگەی ئەوین بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێت دەبم

بۆ ئەوەی شەوێکی بەهەشتی لە باخەکانی ئەشق بەسەرببەین

****

لەم خامۆشیی وکپبوونەی مەملەکەتی دڵتا

هاتووم وەك کەنارییەك گۆرانی ئەوینت بۆبڵێم

****

هەمیشە لێم دڵنیابە بۆ هیچ شوێنێك ناڕۆم

تەنها شارەزای ئەورێیەم بۆلای تۆم دەهێنێتەوە

****

تۆ هەرتەنها بۆیەك جاربڵێ خۆشم ئەوێی

من لە قامووسا هەزاران مانای بۆ ئەدۆزمەوە

****

تۆ هەرچەند دەریایەکی بێ ئۆقرە و نائارام

بە کەشتییە چارۆگەکەدارەکانەوە خۆمت لێ ئەدەم

****

کاتێك من وتۆلە کوچەی ئەویندا بە یەك دەگەین

سەراپای گیانی یەکترلە شیلەی ماچ هەڵدەکێشین

****

یەك كاس شەراب لە مەركانەی ئەشقی من بنۆشە
بزانە چ مەستییەكی جاویدانی ئەتگرێتە خۆی؟
****
هەرلەم چركەوە دوو باڵ بۆفڕین ئامادە بكە
ئەوەتا ئاسمانی خۆشەویستی هاتۆتە پێشوازیمان
****
قومێ ئاوی سازگارلە تاڤگەی ئەوینت ئەخۆمەوە
تاكوزمانم لە شیعرێكی تردا بۆجوانیت بڕژێ
****
ئەزانی دەنگت وەك گمەی كۆترلە گوێمایە؟
كەچی باوەڕت نەئەكرد، هێلانەكەت لە دڵمایە
****
دڵنیابە دوو هێندەی ژمارەی تاڵەكانی قژت
شیعرم لە گەنجینەی هەستما بۆئامادە كردووی
****
فنجانێك لە قاوەی شیرینی ئەشقم بخۆرەوە
تا قوفڵە ژەنگگرتووەكەی دەرگای دڵم بكرێتەوە
****

له شەمەندەفەرێکدام بۆ سەفەرێکی دوورو درێژ

لەهیچ وێستگەیەك دانابەزم جگە لە وێستگەی دڵی تۆ

****

هەروەك سوپایەك داگیرم بکە و هێرش بهێنە

ئاڵای سوپاکەت لەسەربەرزایی رۆحم بچەقێنە

****

ئەمەوێ بە قسەت بکەم و ئاسمانت جێبهێڵم

کەچی پەپوولەی هەستم هەردەمهێنێتەوە بۆلای تۆ

****

ئەگەررۆژێك هات و من بوومە مشتێ خۆڵەمیش

بمدەن بە دەم ئەو «با»یەی بۆلای تۆم ئەمبا

****

بیرلەوە نەکەیتەوە لە خۆت دەربەدەرم بکەی

چوون شووشەی لەتبووی دڵم، رۆحت دەبڕێ

****

بۆچی کاتێك دەپەیڤیت، ئەڵێیت من و تۆ؟

ئاخر منێك بوونی نییە لە دەرەوەی وجودی تۆ

****

بەو خەنجەرە نامرم دوژمنەکانم لێم ئەدەن

بەو هەنگاوانە دەمرم لە تۆ دوورم ئەخەنەوە

****

لە سەمەرقەندەوە وەکوو ڕەشەبایەك هاتووم

تا لەگەڵ خۆم بتبەم بۆ سەرعەرشی ئەوین

****

هەزار ساڵە منم لە دەرگای ئەوینت ئەدەم

تۆ تەنیا ئەوەت لەسەرە دەرگاکە بکەیتەوە

****

ئەگەر گوومانت لە ئەشقی دێوانەییم هەیە

لە هەستی خۆت بپرسە، با ئەو وەڵامت بداتەوە

****

کاتێك ویستت بڕۆیت، بە ئەسپایی هەنگاو بنێ

لە پلیشانەوەی ئەو گووڵانە دەترسم لەبەرپێتا رامخستوون

****

ناتوانین چیدی ئەشقەکەمان بە نهێنی رابگرین

کە هەموو شەوێك ئەستێرەکان لە بەینی خۆیاندا باسی بکەن

****

کەمانچەیەکی کۆنی تۆز لێ نیشتووی بێ نازم
وەرە ئاوازی ئەوینت، لەسەرژێی دڵم بژەنە
****
بەیانیان حکایەتی ئەشقمان بۆ هەور باس ئەکەم
ئێواران هەور لە ئیرەییدا شی دەبێتەوە بۆ باران
****
ببینە چۆن منت کردووە بە سوڵتانی دڵخۆشی
کە پێشتر ئیمپراتۆرێك بووم لەسەرعەرشی گریان
****
دەستت بخەرە ناو دەستم، سەرت بخە سەرسینگم
شوێنی من و تۆ سەرزەوی نییە، با بفڕین بۆ ئاسمان
****
زۆر حەز ئەکەم بۆ ئەبەد لە دڵی تۆدا بمنێژن
چوون لەو سەربازانە ئەچم سەنگەر ئەبێتە گۆڕیان
****
بە هەورێکا نامەیەکی تازە و حەزینم بۆ ناردووی
ببینە سبەی لای تۆ، چۆن ئەبێتە بۆران و زریان؟
****

ئەزانی بەرلە تۆ، من پێکەنینێکی کوژراو بووم؟

تۆ مشتێ هەنگوینی ژیانت کردەوە ناوزارم

****

ئەستێرەیەکی سەرخۆشی ئاسمانی ئەوینتم

تۆش مانگێکی گەشی چواردەوری باڵام

****

ئەشق واتە چرکەی توانەوەی من لە تۆدا

ئەوین واتە گڕو بڵێسەی رۆحی تۆ لە مندا

****

بۆ ئەوەی نەمربم، رێم بدە تێرهەناسەت هەڵمژم

بۆ ئەوەی خۆم بدۆزمەوە، پێویستە لە تۆدا ون بم

****

کاتێ دەدوێی بەدەست من بێ جیهان خامۆش بکەم

مەملەکەت لە موزیکی پڕخرۆشی دەنگت هەڵکێشم

****

کڵۆیەك شەکری لێوت بە قاوەی تاڵی ژیانەوە دەکرۆژم

ئیدی سەبەتەی گیانم تژی دەبێت لە گەزۆی ماچەکانت

****

هەناوم چەشنی پەڕە سیغارێ وردە وردە دەسووتێ

کە دەبمە سوتووش دەخوازم «با» بۆلای تۆم بێنێ

****

من وتۆ، هەردەبوو لە ڕاڕەوی ئەشق بەیەك بگەین

بەڵام بیرت نەچێ، من یەکەمجارئاگرەکەم کردەوە

****

ئێوارەیەکی شەختە وزریان بوو کە وتت خۆشم ئەوێی

چی گەڵای وەرزی خەزان بوو سەرلەنوێ چرۆیان کردەوە!

****

لە رستە شیعرێکدا بە فلَچەی ئەشق وێنەت ئەکێشم

لە وێنەیەکی تۆدا خوێنی شیعرم فیچقە ئەکات

****

تووڕەییەکانت بە ماچی لێوە وشکەکانم دابمرکێنە

لە تەنهاییەکانتا رۆبچۆرە ناو چاوە سەوزەکانمەوە

****

لە هەڵچوونەکانتا بە گەرمی ماچ بەرپەچت ئەدەمەوە

لە خەندەکانتا مینا ژیلەمۆ جارێکی تر ئەگەشێمەوە

****

وەك راوچییەك دڵی منت خستە تۆڕی ئەشقی خۆتەوە

لە رووباری لیخن دەرتهێنام بۆ قووڵایی دەریای ئەوینت

****

نیازم هەیە کودەتایەك بکەم بەسەرئەم بێدەنگییەدا

چیرۆکی ئەوینمان بۆرەشەبای دەم شڕبگێڕمەوە

****

لەوەتی ئەم دنیا هەیە خەونێك هەربەرێوەیە بۆلات

خەونی ئاوێتەبوونی ئامێزی ساردم لەگەڵ جەستەی گەرمت

****

پێشترگەڵایەکی زەردی ناووەرزی چرۆکردن بووم

ئێستا چرۆیەکی سەوزی مەوسوومی گەڵارێزانم

****

قەسیدەیەکم لە قوڵپی گریانەکانت بۆ چنیویت

تا بزانی فرمێسکەکانیشت تاڤگەی شیعری منە

****

لە تفت وتاڵترین رۆژانی هەمیشە تەنهاییمدا

وەك کانییەکی شیرین لە ژیانما هەڵقووڵایت!!

****

هەزاران ساڵ بە دوای ئەشقی تۆدا وێڵ بووم
جگە لە دووریت هیچی ترم نەدووریەوە!!
****
ئەوینت لە هەرچوارلاوە ئابڵووقەی داوم
بۆ هەرکوێ بڕۆم سەرەنجام ئەگەمەوە بە تۆ!!
****
تەنها یەك پێك لە ئەشقی جادوویم بنۆشە
تا قیامەت بە ئەوینمەوە سەرخۆش ئەبیت!!
****
بە خوێندنەوەکانی شیعرەکانم ئەبڵەق ئەبیت
کەچی هەموویان بە ژانی ئەوینتەوە لە دایك بوون!
****
خەنجەری تیژی ئەشقت لەسەرسینگم چەقاند
لە بری خوێن، شیعروەك فوارە فیچقە ئەکات!!
****
جادووگەر، بەیەك بزەت وەك ژیلەمۆ دائەگیرسێم
بە یەك فرمێسکیشت دەبم بە سووتوو و خۆڵەمێش
****

یەکەمجارتۆ تیشکی جوانیت خستە پێڵووەکانمەوە

دواترمن لەسەرکەلاوەی دڵم تەلاری ئەوینم چێ کرد

****

هەرساتێ جوانی تۆ و دڵناسکی من یەکدەگرن

دڵۆپ دڵۆپ بارانی شیعر و ئەوین ئەبارێ

****

تۆ لە قەبیلەی گوڵاڵە سوورە و من لە تیرەی نێرگز

هەردووکمان  لە باوانەوە ئەچینەوە سەررەگەزی باخ

****

ئایا بیرت ماوە لە ئاسمان دراوسێی یەکتربوون؟

لە کۆلانی شەبەنگ لە گەڕەکی ئەستێرە ئاڵتوونییەکە!

****

بیرتە پێم وتی دڵم ئاوی ئاموون و توونی بابایە

هەرهاتیتە ناوی ئیدی گەڕانەوەی تێدا نییە؟!!

****

شنەبایەك بووم چۆکم بۆزریانی ئەوینت دادا

شاخێکی بەفرین بووم بە هێزی ئەشقت هەرەسم هێنا!

****

هەموو شەوێك خۆم و خەیاڵەكانم بێدارین

چوون رۆژبەشی تەفسیری جوانییەكانت ناكا

****

خەندەیەكت بەسە بۆ من تا مردن پێی دڵخۆش بم

ماچێكت وا ئەكا تاكو رۆژی پەسڵان سەرخۆش بم

****

ملوانكەیەكی درێژم لە دەزوولەی ماچ بۆ چنیوی

شیعرێكی تازەشم بە پەڕەمووچی دڵ بۆ نوسیووی

****

ئەوینەكەمان لەم سەرزەمینە فراوانە جێی نابێتەوە

دەستم بدەرێ، بڕۆین ئەستێرەیەكی تر ئاوەدان بكەینەوە

****

ئەتوانی چەندێك حەزبكەی دووربكەویتەوە لە جەستەم

كەچی دەستەپاچەی لە دوورخستنەوەی هەناسەی شیعرم

****

لەوانەیە رۆژێ بێت هیچ رێگەیەك نەمهێنێتەوە بۆ لات

ئەوساش شیعرەكانم تەواف ئەكەن لە دەوری باڵات

****

له شیعرێکا ئەتنووسمەوە و هەر خۆشم ئەتخوێتنەوە

له قاوەی تاڵی ژیانما وەك پارچە قەندێك ئەتتوێنمەوە

****

مەمکت دوو تابلۆی جوانن

به دیواری سنگتەوە هەڵواسراون

****

مەمکەکانت دوو کانیاوی روونن

هەم ئاوی ژیان و هەم ئاوی چێژی لێ هەڵدەقوڵێ

****

مەمکەکانت دوو فریشتەی خوایین

ژیان دەکەنەوە به بەرجەستەی مردووما

****

مەمکت شەکرەسێوی منه

ئاشتم دەکاتەوە لەگەڵ لەززەت

****

مەمکت ئاوازێکی دەگمەنه

بەدەست و پەنجەی من دەژەنرێت

****

نیگاکانم تەفسیر بکە، ماچەکانم بخوێنەرەوە

ئەوەی بەزمان نەموتووە، لە بێدەنگیمدا بیدۆزەرەوە

****

پێم بڵێ چ جادوویەکت لێکردووم، خۆم داوەتە دەست دڵم؟!

دڵیشم کەشتییەکە تەنها بەرەو کەناری تۆ دێ

****

نیگام بکە لە رۆحی ئەفسانەکانەوە هاتووم

ئەمەوێ بتخەمە ناو حکایەتەکانی ئەشقەوە

****

بڕیارمدا زۆر دوور بڕۆم، زۆر دوور دوور رۆیشتم

کەچی هێشتا لە سنووری دڵی تۆ دەرنەچووم

****

تۆ چ موعجیزەیەکت؟ ساتێك لێوت خستە سەرلێوم

دەمم پڕبوو لە شیلەی ئەشق و

رۆحیشم تەژی بوو لە هەنگوینی شیعر

****

یادکردنەوەی ئامێزی گەرمت، تەنیا فرمێسك دەخوازێ

هەروەك چۆن زەوی بێروون شەستە بارانی پێویستە

****

بزانە من چۆنم؟

هەرکاتێك دەرگای خەونەکانم لێ دائەخەیت

لە پەنجەرەی خەیاڵەکانەوە دێمە ژوورەوە

****

بیرت ئەکەم

چیترم لە دەست نایەت جگە لەوەی لە شیعرێکدا بتنووسمەوە

چیترم لە دەست نایەت جگە لەوەی لە خەونێکدا بتبینمەوە

****

تووڕە مەبە لە سەرشێتییەکانم

ئاخر ئەوینت ئاگرێکی لە ناخمدا کردۆتەوە ئەبەد ناکوژێتەوە

****

کە تۆم ون کرد لە هیچ شوێنێك بۆت ناگەڕێم

چوونکە لەناو دڵی خۆمدا ئەتدۆزمەوە

****

تۆ ئاسمانێکی ئەوەندە فراوان و بەرینی

هەرچەند دوور بفرم هێشتا لە تۆ نزیکتر ئەبمەوە

****

بڕیارێکی گرنگم بەدەستەوەیە

بڕیاری ماڵئاوایی لەهەموو شتێك، تەنیا ئەوینی تۆ نەبێت

****

مەرگ هیچ کات دەرەقەتم نایەت

چوونکە شەرابی نەمریی ئەوینی تۆم نۆشیوە

****

مردن لەبەرمن هەڵدێ

چوون پەیمانی ژوانێکم لەگەڵ تۆبەستووە

****

دووری تۆ، گوزارشتێکی جوگرافی نییە

دووری تۆ، گوزارشتێکی رۆحییە

****

زۆرسەیرە کە نابینیت

لە دڵی تۆدا وەك مەسیح لە خاچ دراوم!!

****

ئەی «شەم»ی من

تۆدۆزەخی هەزاران «وەلی» وەك منیت

****

ئەی «جولێت»ی من

تۆئاسمانی هەزاران «رۆمیۆ»ی برینداری وەك منیت

****

لە کۆتاییدا هەموو شتێك لەناو دەچێت

تەنیا ئەشق دەمێنێتەوە، ئەشق!!!

****

لە دووریتا گلێنەکانم دڵۆپە بارانی رەنگ سوور

بەسەرپێدەشتەکانی دڵما ئەبارێنێ

****

لە ئاسمانی مندا تەنیا تروسکاییەك هەیە

ئەوەندە رەونەقدارە سەرزەمینی کردووە بە چراخان

ئایا ئەزانی باسی تۆ دەکەم؟

****

بۆژیاندنەوەی کانیاوی وشکبووی رۆحت

تەنیا بۆ چەند چرکەیەکیش بێ ئاشق بە

****

خۆر لە دەستەکانی تۆوە هەڵدێ

مانگ لە چاوەکانی تۆدا ئەبریسکێتەوە

****

بارانی ئەوینت ببارێنە بەسەردڵمدا

چوونکە خەریکە دەبێتە بێروون

****

کلوە بەفری ئەشقت بەسەررۆحما ببارێنە
ئاخرزۆردەمێکە بووە بە بیابان
****
دەتوانم بەرانبەربە یەك لەشکرسەربازبوەستم
کەچی توانای بەرەنگاریی یەك نیگای تۆم نییە
****
لە دەستنووسێکی دێرینی دێوانەیەکدا نووسراوە
دەستنوێژی ئەشق بە فرمێسك نەبێت هەڵناگیرێت
****
ساتێ تەرمی من بە بەردەمتدا رەتبوو
لە هیچ بکوژێك مەپرسە سزای دڵرەقی خۆت بدە
****
ئەوەی دوێنێ و ئەمرۆ و سبەینێم پێکەوە ئەبەستێتەوە
تەنها و تەنها هێزی ئەشقی نەبڕاوەی تۆیە
****
لە بارەی دێوانەکانەوە ئەفسانە و کتێبە کۆنەکان دەخوێنیتەوە
لە بری سەیرکردنی رابردوو بڕوانە چۆن ئێستا منت کردۆتە دێوانە؟
****

ئەگەر چاخی کۆیلایەتی بگەڕێتەوە هەرگیز نابم بە سپارتاکۆس

نا.. نا.. زۆر ئارەزوومەندانە دەبمە کۆیلەی لارولەنجەی تۆ

****

جۆگەلە بەستنی فرمێسکەکانم بوو بە ئۆقیانووس

پێم بڵێ چۆن بەرگەی شەپۆلەکانی دەگریت؟

****

کە رۆیشتیت تەنیا یەك شتت بەجێهێشت

ئەویش تەرمی هەلا هەلابووی من بوو

****

تۆ لە شەپۆلێکی تووڕە دەچی، منیش لە کەشتییەکی وێڵ

تۆ لە زریانێکی بەهێز دەچی، منیش لە کوخێکی وێران

****

ئێوارەیەك بۆ ئەبەد ون ئەبم لە ئێستاوە تەنیا وشەیەکم هەیە

ئەوی لە سەرابەوە هاتبێت بێگوومان دەبێت بە غوبار

****

ئازیزم هەموو رۆژێك لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا دێم

ئەگەر رۆژێك نەهاتم، بزانە کە مەرگ هاتووە

****

بڕیارم دا سەفەربکەم، سەفەرێکی بێ کۆتایی

بەرەو مەملەکەتی ئەوین و دڵی پڕجۆشی تۆ

****

من پیاوێکم وەك باران ئەبارێمە سەررۆحت

تۆش لەناو دڵتا ئەشقێکی شێت ئەدوریتەوە

****

ئەو رۆژەی من ئەمرم و بۆ ئەبەد ئاوا ئەبم

ئیتر چیدی لە ئاسۆوە خۆری ئەشق هەڵنایە

****

هەرکات ویستت لە خۆتم دوورخەیتەوە

نیشانە لە جەرگ و دڵی خۆت بگرەوە

****

چارەیەکم نییە هەرئەبێ دوای ئەشقت بکەوم

چوون هەموو پردەکانی گەڕانەوەم خاپوورکردووە

****

وەك پرۆمیسیۆس ئاگرم لە ماڵی ئەشق دزی

تا ئاورم دایەوە تەنێ کۆیزوخاڵەکەم مایەوە

****

بیرو هۆش بەکارمەهێنە چوونکە ئاشقین

ماتماتیکی ئەشق دڵ تێی ئەگات نەك مێشك

****

وەرە ئەم تەنهاییە سامناکەم پڕبکە لە ئەوینت

وەرە ئەم کابووسەم پڕبکە لە تریفەی خۆت

****

وەرە ئەم دەریا مردووەی دڵم پڕبکە لە شەپۆل

وەرە ئەم خەیاڵەم تەژی بکە لە ئەفسوونی خۆت

****

گەرهاتم لە شیعرێکی نوێدا پیت بە پیت ئەتنووسمەوە

تەنها لە خەڵوەتی ئەشقماندا، بۆ تۆی ئەخوێنمەوە

****

گەرتۆبێی، بێڕەنگی ئێستام ئەبێتە زەخرەفەی ڕەنگ

گەرمن بێم دەست ئەگرم بۆسەرتاڤگەی روونی ئەشق

****

گەرهاتی پەنجەکانت ئامادەکە بۆژەنینی تەمبوری دڵم

گەرهاتم بزانە هەنگاوەکانم لەگەڵم نایەنەوە بۆرۆشتن

****

من بۆ تۆم، دنیاش بۆ هەموو خەڵك

تۆش بۆ من بە، با دنیا ببێتە موڵكی خۆم

****

وەرە تاسەی ئەشقت لە دڵی منا بشكێنە

بەڵێن بێ، دێم خەمی دووریت ئەكەم بە هۆنراوە

****

وەك تابلۆیەك ئەتگرمە چوارچێوەی شیعرم

مینا كارمامزێكی بریندارتوند بمگرە باوەشت

****

لێوت بە شەرابی لێوم، سوورسووربكە

تا دڵم پڕپڕبێ، لە بۆنی خۆشی هەناسەت

****

وەك دەریاوانێك راوی تورەترین شەپۆلم ئەكرد

كەچی ئەشقت ئەمجارە سەركەشیی راوكردم

****

بە ماچێك منت خستە ناوبەهەشتی خۆت

منیش بە شیعرێك تۆم بردە ماڵی ئیرۆس

****

شەرابی هەستت تاکە شەرابە مەستم بکا

بۆم تێکە لەو شەرابە، با ئەشقت نقووم بکا

****

پێش ئەشقت نەمامێك بووم، ئێستا درەختێکی پەلوپۆدار

پێش ناسینت، کوێرە کانی بووم هەنووکە بووم بە رووبار

****

تۆ هەرئەوەندە یەك جار، بڵێ خۆشم ئەوێی

من هەزارپرد لێ ئەدەم رووەو رۆحی ناسکی تۆ

****

تۆ بە من ئەڵێی، جادووگەری وشە و ئەشقیت

بێ ئاگای لەوە، کانگای وشەکانم دڵی تۆیە

****

قوڵپی گریانەکەت، ئەکەم بە درێژترین قەسیدە

تۆش موروی پێکەنینەکانم بکە بە ملوانکە بۆخۆت

****

بەرلەوەی ئاشق بم، پەڕەسێلکەیەك بووم سست و تۆراو

دوای ئەشقت، بووم کۆترە شینکەی ئاسمانی خۆرەتاو

****

جوانیی کانییەکی روونە لە دڵی تۆوە هەڵدەقوڵێ

خۆشەویستی شنەبایەکە لە رۆحی تۆوە هەڵدەکا

****

لێوت بخە سەرلێوم، دڵت بنێ بە دڵمەوە

رۆحت گیربکە لە رۆحم

ئەمەوێ دڵۆپ دڵۆپ بڕژێمە ناوتەوە

****

کە تۆم بینی

با ستیانەکەت لە رەنگی چاوم کاڵتربێ

دەستت بۆنی مێخەکی شیعرەکانی لێبێ

ماچەکانیشت تاڤگە بن ئاوی چێژیان لێ بڕژێ

****

خودا بیری کردەوە لە چی دروستم بکا؟ زۆر بیری کردەوە

تاکو لە کۆتاییدا منی لە نازی تۆ و گڵی ئەشقت ئافراند

****

هەست بە حوزنێکی قووڵ ئەکەم لە قوڵپی پێکەنینەکەتا

ئەزانی من تەنانەت ئەو حوزنەشم، زۆر خۆش ئەوێ؟!

****

من ئەوگووڵە بەهارییەم کە لە پایزی دڵتا ئەڕوێم

بە نەسیمی فێنکی هەناسەت هەموو رۆژ ئەشنێمەوە

****

هەزار پێناسە ولێکدانەوەیان هەیە بۆ من

کەچی من یەك پێناسە زیاترم نییە:

ئاشقێکی دێوانە وهیچی تر

****

هەرچەند دووربڕۆم، لێت نزیك دەبمەوە

هەرچەند لێتەوە نزیك بم، لێت دوور دەکەومەوە!

****

نامەیەکی زۆرزۆر درێژم بۆ ناردیت

لە رۆحی نیتشە وسەرکەشیی دیدالیۆس

کەچی واتزانی، شێت بووم

****

لە دووریی هەزاران میلەوە خۆم ون کرد

لە رۆحی تۆدا جارێکی دی خۆم دۆزییەوە

****

ئەشق بە نیگایەك دەستپێدەکا، بە دێوانەبوون کۆتایی دێ

ئەشق شیرینترین تاڵییە، ئەشق تاڵترین شیرینییە

****

کاتێك تۆم ناسی، لەسەر مێزی قوماری ئەشقت
هەموو خەندەکانم دۆڕان و گشت فرمێسکەکانیشم بردەوە
****
گلگامێش، بە دوای میوەی نەمریدا گەڕا
منیش، وەدووی ئەشقی تۆ کەوتم
ئەزانی هەردووکمان شەڕمان لەگەڵ مەحاڵ کرد؟
****
هێندە ئاڵۆز لێم مەڕوانە، لە ئاو روونترم
شیکردنەوەی من کارێکی ئاسانە،
تەنیا یەك دڵۆپ فرمێسکم
****
کاتێك ئاشقت بووم
خۆم لە دۆزەخ بە تامی بەهەشت بینییەوە
ساتێك لێت دابڕام
کەوتمە ناو بەهەشتێك بە تامی دۆزەخ
****
تۆ گەورەترین جادووگەریت
بە چرای ئەشقت ئاسمانی تاریکی دڵی منت رووناك کردەوە
تۆ گەورەترین جادووگەریت
بە فتیلەی ئەشقت سەهۆڵبەندانی رۆحی منت تواندەوە
****

من زیندانم لە ناودڵ و خەونەکانی تۆدا

من زیندانم لە قەفەزی ئەشقی تۆدا

کەچی هەست بە سەربەستییەکی سەیر دەکەم!

****

ئەی یاروەك مەسیح، بە بزماری ئەشقی تۆ لە خاچدراوم

ئەی یاروەك مەسیح، تەنیا بۆ تۆیە نرکە و خوێنی رژاوم

****

کاتێك ئاشقی تۆ بووم

زمانم لە گۆکەوت و کانی شیعرم تەقی

بەستەڵەکی دڵم توایەوە و بەهارێکی سەوزی هێنا

****

هەمیشە دەرگاکە بە کراوەیی جێدەهێڵم

چوونکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆم

بەڵام تۆ ناگەڕێیتەوە و منیش هەرگیز دەرگاکە داناخەم

****

لە دووریی هەزاران کیلۆمەترەوە هەست بە گەرمی هەناسەت دەکەم

لە دووریی هەزارەها میلەوە بۆنی گوڵاوی رۆحت دەکەم

ئیدی دووریی چ واتایەکی هەیە؟

****

تۆ ئەشق بە لانەی پێکەنین دەزانی
منیش بە سەرچاوەی گریان
ئەدی گریان و پێکەنین لە کوێدا بە یەك ئەگەن؟
****
کاتێك لە ئامێزت ئەگرم
دەمم لە شەکرە سێوی دەمتدا دەتوێتەوە
چۆلەکە پاسارییەکان دەفڕن و
هەواڵی ئەم ئەشقە بە شاردا بڵاوئەبێتەوە
****
چاوە سەوزەکانی من کە وەك بەهار خۆیان ئەنوێنن
قەرزاری ئەو تاوە بارانەی ئەشقی تۆن
لە ئاسمانی گلێنەکانمەوە بە شەستە دائەبارن
****
هەناسەکەم تۆ تاڤگەی روونی دڵمیت
هێواش هێواش ئەڕژێیتە خۆزگەکانمەوە
تۆ تاڤگەی ئەشقیت و ئەڕژێیتە ماڵی بێکەسیمەوە
****
زمانێك شك نابەم لەم دونیایەدا بۆ تێگەیاندنی تۆ!!
بێچارە خۆم کە ئاسنی ساردی ئەشقت ئەکوتم
****

زۆر چاوەڕوانت بووم.. زۆر بۆت گەڕام
زۆر بۆت گریام.. زۆر یادم کردیتەوە
تۆ هێشتا وەهمی نێو خەیاڵەکانی منیت
ئایا بە راست من شتێکم لێ ون بووە؟
****
شاکارێکم بۆ نوسیووی
«دانتی» بۆ «بیاتریس»ی نەنووسیوە
هەرچەند دڵنیام بە زەردەخەنەوە دەڵێی:
لەسەر لەم هەستە ترسناکەت دەرناکەم
****
ئەگەر مەجنون من ببینێت، شەرم سەرتاپای دادەگرێ
ئەگەر لەیلا تۆ ببینێ، تاجی شاژنی ئەشق دادەنێ
ئەوسا هەردووکیان وەك دەروێش ئەکەونە دوامان
****
ئەمڕۆ وتت خۆشمدەوێی شێتە گیان
من بێدەنگبووم.. تۆ واتزانی توورەیی دایگرتم
بەڵام بیرم لەوە دەکردەوە چ ئاشقێك هەیە شێت نەبێ؟
****

تاقانەکەی دڵم، ئەزانی مردن لەپێناوی ئەشقدا ژیانە
ژیانیش بێ ئەشق خۆی لە خۆیدا مردنێکی هەمیشەییە؟
****
ئازیزم ئەبێ بزانی هەموو ئاشقێك رۆحی بریندارە
ئەوە کێیە خوێ دەخاتە سەربرینەکانی؟
****
لە پشت هەرئاشقێکی مەزنەوە مەعشووقێکی دڵڕەق هەیە
لە پشت هەرئەفسانەیەکی ئەشقەوە دۆڕانێکی جاویدانی هەیە
لە پشت هەربەیەك گەیشتنێکەوە درۆیەکی گەورە هەیە
****
پڕپڕم لە نامۆیی، ئاخربەم فتیلە لەرزۆکە
چۆن مەملەکەتی هیوا بدۆزمەوە؟
پڕپڕم لە ئەشق، ئاخربەم هەنگاوە کورتە
چۆن لە دۆزەخی مەعشوق رزگارم بێ؟
****
لە خەونمدا شمشێری فیراقیان لەسەرسنگم دا
کەوتمە سەرزەوی و بێداربوومەوە،
بە هەقیقەت خوێن لە جەستەم دەچۆڕا!
ئەوسا زانیم ئەشق تەنیا خەونێکە
****

کاتێك ئاشق بووم یەکەم شت فێری فڕین بووم

کاتێك دابڕام یەکەم شت فێری گریان بووم

ئەشق فێری فڕین و گریانی کردم

****

شەو نییە بۆ ڕۆژە خۆشەکانم لەگەڵ تۆ نەگریابم

شەو نییە بۆ بینینی ڕۆژێکی نوێ لەگەڵ تۆ حەسرەتم نەکێشابێ

شەو نییە بۆ بەردەوامیدانی ڕۆژەکانم لەگەڵ تۆ هەنسکم نەدابێ

****

تۆ ژێیەکی خەمباری، منیش لە میتاڵی خەم دروستکراوم

تۆ ئاوازێکی تەنیای، منیش مایسترۆیەکی بێدەنگ

وەرە ئازیزم، پێکەوە سیمفۆنییەکی غەمبار

لە ئەشق دروست بکەین

****

من دزم، دەمێکە دڵی تۆم دزیوە

تۆش دزی، لە مێژە هەستەکانت دزیوم

ئێمە هەردووکمان دزین، تۆ ڕووناکی ڕۆح و

منیش ئاگری بەتینی ئەوینم دزیوە

****

ئەو بۆسۆیە قرچەی دڵی منە

چوونکە چیتر بەرگەی ئەم دۆزەخی دابڕانە ناگرێت

ئەو گریانە خەمگینە نۆتەی قورگی منە

چوونکە تەنیا بەم ئاوازە شیوەنی فیراق دەکات

****

تۆ خەونت بینی و گووتت خۆشم ئەوێی

منیش خەونم بینی و گووتم خۆشم ئەوێی

لەناکاو لە خەونی قووڵ راچڵەکین و

سەرەتای دابڕانێکی جاویدانی دەستیپێکرد

****

ئەشق سەرەتای دەستپێکردنی دابڕانە

دابڕان سەرەتای دەستپێکردنی ئەشقە

دابڕان سەرەتایە و کۆتایشە

****

ئەشق گەردەلوولێك بوو

ئێستا و ئایندەی هەڵگرتم بەرەو دوورگەی ئازار

ئەشق شەپۆلێکی تووڕەبوو

ئاڕاستەی کەشتی خەونەکانمی گۆڕی بەرەو نادیار

****

کاتێك من ئاشق بووم هەموویان پێدەکەنین
کاتێك من دابڕام هەموویان پێدەکەنین
ئیدی هەرپێکەنین....
****
لە فەرهەنگی ئەشقدا، دوو وشە هەن
مانای رەنجی ئاشقانەی من شی بکاتەوە:
گریان و دابڕان
****
حەزئەکەم چی جوانی دنیایە بیخەمە شیعرێکەوە بۆتۆ
حەزئەکەم چی گووڵە بیکەمە چەپکێك ئەویش هەربۆتۆ
****
چەند دەتەوێ برۆ، چەند دەتەوێ دووربکەوەرەوە
چوون لە جوگرافیای دڵم دەرناچی
ئاخرتۆنازانی ئەشق مەملەکەتێکە لەناودڵی من
****

من و تۆ لە پێدەشتی بێئاگایدا بووین

سێوە حەرامکراوەکانمان لێکردەوە و

هەموویانمان خوارد

بەمە بە ئاگا هاتینەوە و

لە ناو دۆزەخی عەشقدا خۆمان دۆزییەوە

****

عەشق راکێشانی بەردەکەی سیزیفە

عەشق خلۆربوونەوەی بەردەکەی سیزیفە

عەشق رەنجکێشانی بێ ئەنجامی سیزیفە

عەشق دیوێکی تری بە سیزیفبوونە

****

سێپتەمبەری ٢٠١٥

دیسامبەری ٢٠١٦

ئەڵمانیا- بیلەفێڵد

# تــــــــۆ

لە ئاسماندا تۆ بەدی ئەکەم
لەگەڵ دڵۆپە بارانەکان ئەڕژێتە سەرجەستەم
باران فرمێسکی ئەشقی تۆیە
دەروونی ژەنگگرتووی پیاوێکی رۆژهەڵاتی ئەشواتەوە
ئاسمان نیشتمانی جاویدانی تۆیە
دەروازەی بۆ سەرکێشی و فڕینەکانم کردۆتەوە
ئەشق گۆرانی سەرمەدیی تۆیە
کە رۆحی من ئەلەرێنێتەوە
تۆ دەستت گرتم بۆ ناو باخچەکانی ئەوین
بە ماڵی فریشتەکانت ناساندم
تۆ منت لەگەڵ رووناکی ئاشت کردەوە
بە ئیرۆست ئاشنا کردم

تۆ فێری فڕینت کردم

هەر خۆت دوو باڵی زیویت پێبەخشیم

تۆ تامی میوەکانی بەهەشتت پێ چەشتم

تنۆك تنۆك ئاوی ئومێدت پێدام

تۆ منت بردە سەرزنەی روون و

مۆمێکت لە تاریکی دڵما داگیرساند

تۆ سەهۆڵبەندانی ناخمت تواندەوە

ئاگری ئەشقێکی بەتینت چێ کرد

تۆ بەدەستە میهرەبانەکەت لەدۆزەخ قوتارت کردم

شەوەزەنگ کردم بە رۆژی رووناك

تۆ لە کەناری مەرگ منت دەرهێنا

شاڕێی رونی ژیانت بۆ کردمەوە

تۆ واتکرد سەرلەنوێ لە دایکبمەوە

تۆ واتکرد سەرلەنوێ بڕسکێمەوە

تۆ واتکرد جارێکی دی لەگەڵ گوڵا بپشکوێم

تۆ واتکرد زمانم بۆ ئەشق بپژێ

تۆ واتکرد ببمە سترانێکی تەواو نەبوو

واتکرد جارێکی دی لە تۆدا خۆم بدۆزمەوە

ئای لەو میهرەبانییەی تۆ

که منی سەرلەنوێ ژیاندەوە

ئای لە دڵناسکی تۆ

پۆڵای رۆحی کردم بە ئاوریشم

ئای لە تۆ

ئای لە تۆ

وای لە تۆ

دیسەمبەری ٢٠١٤

هۆڵەندا - ئارنهێم

# کێ هەواڵی شارم بۆ دێنێتەوە؟

خودایا چەند بیری شارئەکەم

شارچەند بیری پیاسەی ئێوارانی من ئەکا؟

کێ دەتوانێت شارو من بخاتە رستەیەکەوە؟

کێ دەتوانێ خەیاڵم لە جەستەی شاربکاتەوە؟

کێ وەنەوزی منی دیوە بۆ حەسرەتی شار؟

کێ  لەم خەوە قووڵە رامدەچەڵەکێنێ لەدووری شار؟

خودایا چەند بیری شارئەکەم

چەند بیری زەردەخەنەی شەرمنانەی کچانی شارئەکەم

چەند تامەزرۆی بینینی نیگای نەرمی ئاشقانی شارم

چەند ئاە هەڵدەکێشم لە ژانی دابڕانی شار

چەند جاربە خەون بە کۆڵانەکانی «حاجیحان»دا شۆڕبوومەتەوە؟

چەند بیری دۆڕانی دۆمینەکانم دەکەم لە «چایخانەی شەعب»

چەند بیری سەرەتاتکێی مناڵانی گەڕەك دەکەم

چەند جاریادی «سەهۆڵەکە» ئاگری لە دەروونم بەرداوە؟

چەند جاربا گالیسکەی ئەندێشە گەڕاومەتەوە «عەقاری»؟

چەند جاربە بوراقی داڵغە چوومەتەوە «باخی گشتی»؟

چەند جارلە زیندە خەوندا کتێبم لە «ئەنوەربرزۆ» کڕیوەتەوە؟

ئاە خودایا چەند بیری شارئەکەم

کێ هەواڵێکی شارم بۆ دێنێتەوە؟

کێ دڵی من لە کۆڵانە تەسکەکانی «سابونکەران» ئەدۆزێتەوە؟

کێ شوشەی شکاوی رۆحم لە جادەی «کاوە» کۆ دەکاتەوە؟

کێ پێکەنینە نەپساوەکانی من لەگەڵ شارئاشت ئەکاتەوە؟

کێ هەیە سڵاوی من بگەیەنێتە «حەمە شێت» گیان؟

کێ هەیە بە کڵافەی خەونێك من ورۆحی شارپێکەوە بدورێتەوە؟

کێ هەیە شیعرێکی من لە «هۆڵی رۆشنبیری» بخوێنێتەوە؟

کێ هەیە تۆزێك بۆنی خۆڵبارانی شارم بۆ بهێنێ بۆ ئەم غوربەتە؟

کێ هەیە چنگێ ئاوی سازگاری شاربکاتە سەرئاگری غەریبیم؟

کێ هەیە خەبەری شاری لا بێت؟

کێ دەبێت بە «سالم»ی من، تا وەك «نالی» چامەیەکی بۆ بنێرم؟

کێ هەیە باری قورسی ئەم بیرکردنەی شارم لەگەڵ هەڵگرێت؟

کێ هەیە چەند گرام تامی هەنگوینی شاری لا دەستکەوێ؟

کێ ئازاری ئەم دوورییەم لە شاربۆ ئەکاتە بە رۆمان؟

کێ هەیە ڕەشەباکەی شارم بە پۆستا بۆ بنێرێ؟

کێ هەیە گەرمای شارم بۆرەوانە بکا بۆ ئەم سەهۆڵستانە؟

کێ هەیە هەواڵی شاری لا بێت؟

کێ هەیە فرمێسکەکانی من بگەیەنێت بە شار؟

کێ هەیە بە شاربڵێ کەمێك لەسەرئەم شاعیرە بوەستە؟

ئاخ لە دووری شار

شاروشەکرە شار، سلێمانی

٦-٢-٢٠١٦

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

## بێ تۆ

زامێکی قووڵ بە دڵمەوەیە

هەرەسێکی مەزن لە رۆحمایە

خۆر لە ئاسمانی منا هەڵنایەت

مانگ لە شەوانما نادرەوشێتەوە

جەستەم رەنگی خۆڵەمێشی گرتووە

هەناسەم بووە بە جۆگەی ئاگر

لە سینگمەوە زووخاو شەپۆل دەدا

خەیاڵەکانم بوون بە ئەشکەوتێکی بێ شەوق

روانینەکانم تەژی بوون لە تەنهایی

خەندەکانم وەك ریشۆڵە کۆچیان کردووە

رۆژانە لەسەرهەوری یادگارییەکان سەما ئەکەم

بیرکردنەوەکانم تامی دۆزەخیان گرتووە

فنجانی قاوەکەم تەنها وکەساس ماوەتەوە

هەنگاوەکانم هەناسەسوارن و ناگەنە جێ
دەستەکانم بوون بە دوو شمشێرلە هەڵم
بەو جەستە خوێناوییەمەوە
وێستگەی شەمەندەفەرەکان و
هۆڵی فرۆکەخانەکان و
کوچە و کۆڵانی شارەکان
خۆم و خەمەکانم لە تۆ دەگەڕێین
بەو جەستە لە خاچدراوەوە
بنی دەریا و شەپۆلی ئۆقیانووسەکان
جەمسەری باکوور و باشوور
باخچەکانی خەیاڵ و دوورگەکانی خەون
بە دوای تۆدا دەگەڕێم
خۆم و کۆڵێك خەمی جاویدانی
لە ماڵی پەڕەسێلکەکان و
زادگەی نەورەسەکان
لە سەربانی پەلکە زێڕینە و
نیشتمانی قەڵبەزە
لە سۆراخی تۆداین
من و ئاوازە غەمگینەکەی دڵم
لە دڵۆپە باران وریشی سپی بەفر
لە هاژەی چەم و پەلکە گیا

لە چڵە نێرگزی بەهارو

پەروانەکانی ئەم ئاواییە

لە هەواڵت دەپرسین

خۆم و مەراقە گەورەکەی دڵم

شاربە شار

وڵات بە وڵات

کیشوەربە کیشوەر

بە شوێن تەمی شوێن پێکانتا دێین

بێ ئەوەی بمانگەیەننە هیچ کوێ

دواجارتۆم لە هیچ جێگەیەك نەدۆزیەوە

وەلێ بێ هۆش بووم لەوەی

لە دڵی خۆمدا سەرخەوێکت شکاندووە!!!

٢٠١٥-١١-٢٠

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

## نەسیمی ئەشق

پێرێ بە چرپە و بەدەم خۆمەوە ئەمووت
لە هەموو ساتەکاندا هەرچاوەڕوانی تۆم
چاوەڕوانم وەك پەپوولە بفڕێت
دوور دوور بفڕێت
چوونکە من ئاسمانێکی قووڵی ئەشقم
دەرگای دڵم بۆ پێشوازیی تۆ کردۆتەوە
بفڕە ئازیزم بفڕە
من زۆر لە مێژە چاوەڕێم
دوێنی تۆ هاتیت، من وتووم
چیتر تەنیایی لە ئامێز ناگرم
مانگی چواردەی من هەڵهات
نەسیمی ئەشقم هەڵیکرد و
پریاسکەی خەمم پێچایەوە

بۆ هەمیشە، خۆم
لە دوورگەی دڵی پڕ ئەوینتا ون کرد
ئەمڕۆ هیچ هەواڵێکی تۆم نەزانی
دەرگای ئاسمانم راوەشاند و
جەرگی زەویم شەق کرد
وتم پەروانە تەنهاکەی خۆمم بدەنەوە
چوونکە فێری سووتانی
ئاگری ئەشقی من بووە
سبەی کاتێك تۆ دەردەکەویت
گەردەلوولی ناو دڵم ئارام ئەبێتەوە
شەپۆلەکانی ئۆقیانووسی ئەشقم رادەوەستن
گڕکانی تووڕەیی خەیاڵم دەنیشێتەوە
ئەگەر دوو سبەی بێ
ناهێڵم هەناسەت لە هەناسەم
دڵت لە دڵم، لێوت لە لێوم
جەستەت لە جەستەم
ئاگری گەرمی رۆحت
لە رۆحی سارد و سڕم بێتەوە

ئەگەر هەفتەیەکی تر بێ

ئەبینی وەك منداڵانی شاربزێو و دەست نەسرەوم

ئەوان بە خەیاڵ ئەستێرەکان بە چنگ ئەگرن

بەڵام من بە واقیع هەسارەی دڵت داگیردەکەم

ئەوان بە خەیاڵ یاری فوتبۆڵ بە مانگ دەکەن

من بە واقیع دەمم لە شەکرە سێوی دەمتدا ئەتوێتەوە

هاوینی ٢٠١٤

فەڕەنسا - پاریس

## توانەوە

ئێوارەیەك مەستی ئەشق ئەبم
دلبەرەکەم ئەگرمە ئامێزو
بە ناخی ماچی لێوەکانیدا رۆ ئەچم
بەیانییەك تێرئەشق ئەبم
دلبەرەکەم ئەگرمە باوەش و
جەستە سپییەکەی هەڵدەکرۆژم
نیوەڕۆیەك شەلاڵی ئەشق ئەبم و
ئاوێتەی دلبەرەکەم ئەبم
تێر رایدەموسێنم بەجەستەی سڕمەوە
رۆژێك پڕ دەبم لە ئەشق و
وەك گەڵای رووت لەگەڵ دلبەرەکەمدا
یەکترئەگرینە باوەش

ئەڵمانیا - بیلەفێڵد

# ئەمەوێ

ئەمەوێ دڵۆپەکانی بارانت یەك یەك بۆ تەفسیر بکەم
بە مەرگی ناوادەی گەڵاکانی پایز ئاشنات بکەم
هاوار و ناڵەناڵی رەشەباکانت بۆ شی بکەمەوە
بێ ئۆقرەیی و سەرشێتی دەریاکانت بۆ حنجە بکەم
هەر دڵۆپە بارانێك قەترەیەك ئەشکی منە
لە چاوەڕوانی گەڕانەوەتا دادەبارێ
خەزانی هەر گەڵایەکی رەنگ زەردهەڵگەڕاو
بزەیەکی منە لە تاسەی بێ تۆییدا دەوەرێ
لەرینەوەی ژێی توورەی هەررەشەبایەك
نرکە نرکی دڵمە شینی دووریت ئەگێڕێ
شەپۆلی یاخی هەر دەریایەك
هەڵچوونی رۆحمە بۆ نیگایەکت شاڵاو دەهێنێ

٤-٢-٢٠١٦

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

## بەختگرەوە

هەرئەو ساتەی بەختگرەوەکە
دڵی بلووری منی لە مرواری ڕۆحتا بەدیکرد
لە تەوێڵی منا ڕەنگی فریشتەیی تۆی دۆزییەوە
تەڵیسمی خەونەکانمی ورد ورد شی کردەوە
مزگێنی هەڵاتنی خۆری لەنێو شەوەزەنگی دڵما پێدام
لە نیشتنەوەی کۆترە سرکەکە لە سەرشانم بێداری کردمەوە
هەرئەو ساتەی بەختگرەوەکە
ڕامالینی منی وەك بەردێکی کەنارڕووبارلێکدایەوە
هێرۆگلیفیای ئاورنگی سەرپەلکە گیای بۆ خوێندمەوە
گزنك و کازیوەی هەموو ڕۆژەکانمی تەفسیر کرد
لەو ساتەوە بێ پشوودان لە سەفەردام و
بەڕێوەم بەرەو دوورگەی ئەوینی تۆ

٢٠١٦-٢-١٦

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

## پرووشەکانی ئەوین

جگە لە خۆشویستنی تۆ
کارێکی ترم نییە
جگە لە ئامێزی میهرەبانی تۆ
هیچ پەناگەیەکی ترم نییە
جگە لە قووڵایی دڵی تۆ
هیچ نیشتمانێکی ترم نییە
****

ئەگەرمردم
لە پەڕەی گوڵاڵە سوورەی بەهاردا بۆنم بکە
لە پێکێك شەرابی زۆرکۆندا تامم بکە
لە ژوانگەی دڵداراندا یادم بکەرەوە
لە بەهەشتی ئاشقان،
کۆڵانی دێوانەکان چاوەڕێم بکە
****

ئازیزم.. کۆترە دوورە دەستەکەم

هەرکات بیرت کردم

لە قووڵایی شیعرەکانمدا یادم بکەرەوە

منیش هەرکات بیرم کردیت

لە وێنەکانتا قەسیدەیەکی تر ئەنووسمەوە

****

هەندێك هەست هەیە ناوترێ

هەندێك نیگا ناتوانی بیبینی

بەڵام هەندێك بێدەنگی هەیە

دەتوانیت لێی تێ بگەیت!!

ئەوەی بە دەم ناتوانم بیڵێم

بە نیگا پێت دەڵێم

ئەوەی ناتوانم بینووسم

بە فرمێسك دەیدرکێنم

****

لە قاوەی بەختما، تۆ دەرکەوتیت
هەموو تاریکییەکانت برد و
لە پرشنگی دڵی خۆت هەڵکێشام
لە قاوەی بەختما، تۆ دەرکەوتیت
گشت تاڵییەکانت لێ سەندم و
شەکراوی رۆحی خۆت پێ بەخشیم
ئەوینەکەم ئێستا تۆ دەرکەوتوویت
منیش بەم چارەنووسەم زۆر مەستم
زۆر مەست
****
تۆ جوانترین شیعری منی
تۆ قەسیدەیەکی هەموو رۆژێ ئەتنووسمەوە
تۆ خەونێکی هەموو شەوێك دەتبینم
تۆ کەنارێکی هەمیشە ئەمەوێ پێت بگەم
تۆ جادوویەکی نامەوێ هەرگیز بەتاڵ بیتەوە
تۆ نێرگزێکی مەست ئەبم بە بۆنت
تۆ خەیاڵێکمی هیچکات دووبارە نابیتەوە
تۆ شەونمێکی لە جەستەی شەکەتم نابیتەوە
تۆ هەرخودی خۆمی ولەدڵمدا دەتوێنمەوە
****

وتم هەرگیز لە تۆ دوور ناکەومەوە

ئەی نابینیت لە دڵتا هەناسەی ژیانم دەدەم؟

ئەی نابینیت هەموو رۆژێك لە خەونەكانتام؟

ئەی نابینی وەك پەروانە بەدەوری شەمعی باڵاتەوەم؟

ئەی نابینی لە هەنگاوەکانتا هێزم

لە باخچەکەتدا رەونەقدارترین گوڵم

لە خەیاڵەکانتا ئاسۆیەکی روون روونم

لە خەمەکانتا دڵۆپێك فرمێسك و

لە شادییەکانتا رەنگینترین خەندەم؟

****

ئەگەرهاتیت بە دڵۆپە شەونمەکانی سەردڵتا دەتناسمەوە

ئەگەرهاتیت بە بۆنی نێرگزی رۆحتا دەتناسمەوە

ئەگەرهاتم بە خەونە رەنگاڵییەکانما بمناسەوە

ئەگەرهاتم بە ئامێزی گەرمما بمناسەوە

لە ئێستاوە تا ژوانێکی کەناری دەریا

لە بیرت بێت لە دڵی هەموو شەپۆلەکاندام

لە هەنووکەوە تا پیاسەیەکی رۆخی رووبار

لە بیرمە لە باوەشی گزنگی بەیاندایت

****

لەوەتی خۆم ناسیوە ئاشقم

بەڵام هیچ ئەشقێك وەك خۆشەیستی تۆ

پەڕوباڵی نەشکاندووم

لەوەتی خۆم ناسیوە ئاشقم

بەڵام ئاگری هیچ ئەشقێك وەك خۆشەویستی تۆ

دڵ و ناخی نەسووتاندووم

لەوەتی ئاسمان هەیە من لێی ئەڕوانم

بەڵام فڕینی هیچ باڵندەیەك وەك فڕینی تۆ

لە ناخ و ریشەوە نەیبزواندووم!!

****

زۆرجارکە سەیری ئاسمان دەکەم

ماتەم دامدەگرێ و پێم سەیرە

چۆن بەرگەی کشانی ئەوهەموو ئەستێرەی ناودڵی گرتووە!

لە ئاسمانی دڵی مندا

تەنیا یەك ئەستێرەی پرشنگدار هەیە

لە ترسی کشانی خەون و خەیاڵم لێ تاڵ بووە

****

بیرم نایەت چۆن و کەی ئاشقت بووم

تەنها ئەوەندە دەزانم

بوونی من لەو ساتەوە دەستپێدەکا

لە تۆدا بۆ هەمیشە خۆم دۆزییەوە

بیرم نەماوە چۆن وکەی ئاشقت بووم

هەر ئەوەندەم لە بیرە

گڕکانێك لە دڵما تەقییەوە و

بۆ ئەبەد خۆم لە تۆدا ون کرد

****

من وا راهاتووم تینووێتی چاوم

بە تەماشای باڵای تۆ بشکێنم

من وا راهاتووم لە مەعبەدی دڵی تۆدا

رۆژانە نوێژی ئەشق دابەستم

من وا راهاتووم بە ژێی دەنگی تۆ

ژاوەژاوی رۆحم ئارام بکەمەوە

من وا راهاتووم رۆژی سەدجار خۆم بکوژم

بۆ ئەوەی لە باوەشی تۆدا زیندوو ببمەوە

****

وەکوو چۆن درەخت بە ئاوازی شنەبا سەما دەکا

وەکوو چۆن کێڵگە تاوە باران لە ئامێز ئەگرێ

وەکوو چۆن زەوی بە دەوری خۆردا تەواف دەکا

وەکوو چۆن رووبار دەرژێتە باوەشی دەریاوە

منیش بە هەناسەکانی تۆ سەما دەکەم

ئازارەکانت لە ئامێز ئەگرم و

بە دەوری باڵاتدا تەواف ئەکەم

دواتریش بە هێمنی ئەڕژێمە چارەنووستەوە

****

دڵم وەك دەریا

بەرەو کەناری تۆ شەپۆل دەدا

رۆحم وەك باڵندە

بەرەو ئاسمانی تۆ دەفڕێ

هەناسەم وەك خوێنی شەهید

بۆ یادی تۆ هەنسکی لێ دەتکێ

جەستەم وەك داربەڕوویەك

دەیەوێ لە باوەشی تۆدا بڕوێ

شیعرەکانیشم وەك هاوارێك

بەناو بێدەنگی تۆدا تێدەپەڕێ

****

تۆ لە فریشتەوە فێری جوانی بووی

لە باخچەوە دڵنەرمی و لە دەریاوە ئەوین

تۆ لە ئازارەوە فێری بێدەنگی بووی

لە شاخەوە خۆراگری و لە منیشەوە ئەشق

****

هەرچی شارێگاکانی رۆحمەوە

دێتەوە بەردەم ماڵی ئەوینی تۆ

هەرچی رووبارەکانی خەیاڵمە

دەڕژێنە نێو دەریای خەونی تۆ

هەرچی تنۆکە بارانەکانی هەستمە

ئەبارێنە سەردڵی نەرمی تۆ

****

تاکوو تۆ دەریا بیت

بەڵێن بێ منیش شەپۆلی ئەشق بم

تاکوو تۆ ئاسمان بیت

بەڵێن بێ منیش خۆری ئەوین بم

بیرت بێت کە جۆرێکی ترم لە باران

لە بری ئەوەی بڕژێمە سەرجەستەت

دڵۆپ دڵۆپ ئەبارێمە ناو دڵت

****

رۆژژمێری تەمەنم رووەو کۆتایی ئەڕوا

جەستەی تەزیوم بە کورەی مەرگا گوزەرئەکا

نەغمەی زیکری ئەشقم بە گوێی مەعشوق ناگا

بەپێوە ئەمرم و شیعرەکانم لای تۆ هەرهەناسە ئەدا

****

پێشتر نوقمی شەوەزەنگ بووم،

ئێستا لە ڕووناکی ئاهورامەزدا هەڵکێشراوم،

پێشتر پارچەیەك لە تووڕەیی بووم

هەنووکە لە میهری مەسیحدا تەعمید کراوم

ئەوسا وشکەساڵی ڕۆحی خواردبووم

ئێستا شەستە بارانی ئەشقی تۆ سەوزم ئەکاتەوە

****

ئەچمە ئەشکەوتی بێ بنی فەرهەنگ

ئەڕۆمە قووڵایی ئۆقیانووسی زمان

تا بە ڕازاوەترین شێواز بۆت بنووسم

بۆ ئەوەی هەستی شەیدابوونم

بە گەرم و گوڕیی ئاگری دڵمەوە بگاتە لات

****

تۆ چەشنی موعجیزەیەك هاتیت

لاپەڕەکانی دڵمت یەك یەك خوێندەوە

لە کۆتا لاپەڕەدا بەخەتێکی درشت نووسیت:

خۆشم ئەوێی و کتێبەکەشت داخست!

****

له بەرەبەیانی تەمەندا قاوەیەکم بۆ خۆم گرتەوە

له بەختی مندا پەرییەکی دەریا دەرکەوت

لەوساوە تا ئێستا هەر چاوەڕوان بووم

وەختێك تۆ دەرکەوتی،

پەری ناو قاوەکەم ناسییەوە و

بڕوام به جادوو هێنا

****

رەشەبای حوزن هات، تۆ هەر نەهاتی

گەردەلولی بێهودەیی هات، تۆ هەر نەهاتی

زریانی کوێرەوەریی هات، تۆ هەر نەهاتی

چرکە بێزارەکەرەکان هەموو هاتن، تۆ نەهاتی

رۆژەکان هاتن و رۆیشتن، تۆ هەر نەهاتی

له کۆتاییدا مەرگ هات و

تۆ چەند خولەك دواتر گەیشتیت

****

بۆ ئەبەد ئەڕۆم، ئیدی

لەناو کتێبەکاندا بۆم بگەڕێ

لەناو حکایەتەکاندا گوێم لێ بگرە

لە ئەفسانەکاندا بمدۆزەرەوە

چوونکە، ئەشق

باڵی دوا سەفەری پێبەخشیووم و

ئەبەد ناگەڕێمەوە

****

هیچ رەشەبایەك نەیتوانی

رۆحم بە ئاسماندا ببا وبهێنێ

هیچ زریانێك دەسەڵاتی

رامالینی خەندەکانی منی نەبوو

هیچ شەپۆلێك نەیتوانی

ئاڕاستەی کەشتییە وێڵەکەم بگۆڕێ

کەچی تۆ توانیت، زۆر بەخێرایی

بۆ ماچێك بمچەمێنیتەوە

****

یەکەمجار مرۆڤ ماچی داهێنا

زەمەن هات و زەمەن رۆیشت

کەس نەیتوانی شوێنگرەوەیەك بۆ ماچ دابهێنێ

کەواتە ئازیزم ماچ جادووە و پێم خۆشە

رۆژی سەد جار ئەو جادووەم لێ بکەیت

****

دەبینم هەموو رۆژێك دێیتە ناو بەیانییەکانمەوە

دەبینم هەموو شەوێك دێیتە ناو ئازارەکانمەوە

دەبینم وەك کلوە بەفر دەبارێیتە خۆزگەکانمەوە

دەبینم وەك سەدەفێك دێیتە دەریای خەمەکانمەوە

ئیدی لەهەموو شوێنێك تۆ دەبینم

لێمگەڕێ دنیا بە رەنگ و لە چاوی تۆوە ببینم

****

هیچ پێناسەیەکم نییە، تۆ بوویت بە پێناسەی من

هیچ ئادرەسێکم نییە، تۆ بوویت بە ئادرەسی من

هیچ نیشتمانێکم نییە، تۆ بوویت بە وڵاتی من

هیچ ئومێدێکم نییە، تۆ بوویت بە چرای هیوای من

****

وەك چۆن لە یەکەم نامەدا بۆم نووسیت خۆشم ئەوێی

ئێستاش لە دوا نامەدا بۆت ئەنووسم خۆشم ئەوێی

هەڵاتن و ئاوابوونی تۆ، بۆ من

تەنیا حکایەتێکی ناکام و تراژیدیی ئەشقە

بەم هۆیەوە رێم بدە ئەمێستاش وەك سەرەتا

خۆشم بوێی

****

ئەگەر ئێوارەیەك لەگەڵ كزەی «با»دا دیار نەمام
هیچ شوێنێك بۆ من مەگەڕێ
تەنیا چاوەڕوان بە لەگەڵ گزنگی خۆردا هەڵبێم
ئەگەر بەیانییەك لەگەڵ سپێدە غەیب بووم
هیچ شوێنێك بۆ من مەگەڕێ
چاوەڕوان بە لەگەڵ تریفەی مانگدا بێمەوە
****
وەرە پێكێك لەم تەنهاییەی من بخۆرەوە
وەرە گوێ لە ئاوازی پڕ گریانی دڵم بگرە
وەرە بەدیار خۆكوشتنی رۆحمەوە ئێشك بگرە
ئەوسا دەزانیت
ئەشق و تەنهایی و گریان و خۆكوشتن
هەمیشە پێكەوە كۆ ئەبنەوە
****
لە كۆتاییدا
لە جەنگی ئەشق هەڵاتم و
وەك سەربازێكی راكردوو
چەكەكەی دەستم فڕێدا و
خۆم رادەستی قەدەری نادیار كرد
لە كۆتاییدا
لە نەبەردی ئەشق هەڵاتم و
سەرەتای بەختەوەریم دەستپێكرد

## ئەمەوێ لەگەڵ تۆ بم

لەگەڵ تۆ
شاربە موزیکی ئەوین خەبەربکەینەوە
ئاسمان بە پەلکەزێڕینەی ئەشق رەنگ بکەین
شەوەکان بسپێرین بە تریفەی مانگ و
رۆژەکانیش بە ئەمانەت بدەینە دەست ئەستێرەناسێك
باخچەکان تەژی بکەین لە لاولاوی باڵامان
ئەستێرەکان بکەین بە شایەت بەسەریەکەوە
دەریاکان بە سەوڵی خۆشەویستی ببڕین و
لە ئامێزی یەکتردا تەرمی خۆمان بنێژین

٣-١٢-٢٠١٦

ئەڵمانیا - بیلەفێڵد

# مــەرگ

لە پەنجەرەی ژیانەوە سەیری مەرگ ئەکەم
لە نزیکەوە گۆڕی خۆم دەبینم
بە خەتێکی درشت لەسەری نوسراوە
ئەم لە رووبەڕووبوونەوەی مەرگدا ژیا
لە ململانێی ژیاندا مرد
دەمەوێ دوو دێڕی تریش زیاد بکەم
ئای چەند بارێکی قورس بووم لە تابووتی ژیاندا
هەروەك رەشەبا هاتم وبە چەشنی بروسکە تێپەڕیم
چەند سەفەرێکی کورت بوو، ژیان!!

٢٠١٥-١٢-٢٢

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

# شەوی یەڵدا

هەموو شەوەکانم بێ تۆ یەڵدایە
یەڵدای من هەموو شەوێکە
شەوێك وەرە، کۆتایی بهێنە
بەو شەوە درێژانەی بڕانەوەیان نییە
شەوی یەڵدایە
سەدان شەولە یەڵدای خۆمدا
بە دیارهاتنی تۆوە
مۆمی ڕۆحم داگیرساند
شەوی یەڵدایە
سەدان شەولە تاریکیی بێ تۆیدا
بە کڵپەی پڕگڕی دڵم
سەراپای جەستەی خۆم سووتاند

٢٠-١٢-٢٠١٥

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

# مـــن

له قه‌سیده‌یه‌كی بێ ناونیشان ده‌چم
رۆژگار ئه‌منووسێته‌وه
له ئاوازێكی غه‌مگین ئه‌چم
مۆسیقارێكی سه‌ركه‌ش ده‌یژه‌نێ
له گوڵێكی سوور ئه‌چم
له باخچه‌ی ئه‌شقدا سه‌وز بووه
له گۆرانییه‌كی نامراد ده‌چم
له قورگی تاساودا نایه‌ته ده‌ره‌وه
له كۆترێكی ته‌ریك و باڵشكاو ئه‌چم
هێلانه‌كه‌ی بۆ ئه‌به‌د لێ ون بووه
له شاعیرێكی بێ هیوا و شێت ئه‌چم
ته‌نیا چیرۆكی نامۆیی خۆی ده‌نووسێته‌وه
له قه‌ره‌جێكی ئه‌سمه‌ری بێ نیشتمان ئه‌چم
چوون له‌م غه‌ریبییه سه‌ر ئه‌نێمه‌وه

٢٠١٥-٥-٣١

دوسڵدورف- رووباری راین

# تۆ نیگارێکی جادوویت

تۆ نیگارێکی هیچ وێنەکێشێك ناتوانێت تەفسیرت بکات

تۆ حکایەتێکی هیچ حکایەتخوانێك ناتوانێت بتگێڕێتەوە

تۆ دارسنەوبەرێکی هیچ باخچەیەك لە زمانت حاڵی نابێت

تۆ شەپۆلێکی لە دڵی هیچ دەریایەکدا ئۆقرە ناگری

تۆ فرمێسکێکی هیچ چاوێك ناتگرێتە خۆی

تۆ خەندەیەکی هیچ نیشتمان وزێدێکت نەماوە

تۆ نەورەسێکی هیچ کەناراوێکی هێمن شك نابەی

تۆ پەروانەیەکی هیچ رووناکییەك بانگهێشتت ناکات

تۆ بەیتێکی لە چوارچێوەی هیچ قەسیدەیەکدا جێت نابێتەوە

تۆ وشەیەکی ناسکی لە هیچ زارێکدا کپ ناکرێی

تۆ بەیانییەکی لەگەڵ هیچ غروبێکدا یەکناگریتەوە

تۆ خەیاڵێکی لە هیچ خەونێکدا نادۆزرێیتەوە

تۆ ئەفسانەیەکی لە هیچ واقیعێکدا نابینرێی

کەچی ئەوە منم

کە تۆ خۆتم تێدا دەبینیتەوە

٢٠١٥-٦-١٤

ئەڵمانیا - دوسڵدورف

# چاوەڕوانی

له گۆشەیەکی تاریکی ژوورەکەم دانیشتووم
سەرم خستۆتە باوەشی مەراقێکەوە
بەردەبارانی رابردوو دەکەم
قومێك لە ژەهری ژیان دەخۆمەوە
لافاوی بێهوودەیی رایماڵیووم
خەیاڵەکانم لە ئەزەلەوە ورد و خاش بوون
حنجەی ئازارە نەبڕاوەکانم دەکەم
دەلاقەیەك بۆ هەناسەدان شك نابەم
هەنووکە چاوەڕێت دەکەم
وەك وەرزێکی نوێی ئەشق بێی
تەپوتۆزی ئەو غوربەتە لە رۆحم بتەکێنی
کانیاوی فرمێسکەکانم کوێر بکەیتەوە
لە رەنگی پەلکەزێڕینەم هەڵکێشی

گۆرانییەکی تازەم فێربکەیت

ئاوازێکی نوێ لەسەردڵم بژەنی

بە رەیحانەی رۆحت سواغم بدەی

چاوەڕێم بێ

ئاخردڵم مینا فوارە ئەشقی تۆی لێ دەڕژێ

دەزانی، زۆردەمێکە چاوەڕێم؟

٢٠١٥-١١-١١

ئەڵمانیا - شتاینهاگن

# مەمكی تۆ و شیعری من

ئەگەر هەستت بە گەرمییەك كرد لە سینگی خۆتدا
شیعری منە زمان لە گۆی مەمكەكانت دەخشێنێ
ئەگەر رۆژێك جووتە مەمكەكانت وەك كۆتر هەڵفڕین
دوودڵ مەبە بەرەو قووڵایی شیعرەكانی من دێن
هەر ساتێ گوێت لە ئاوازێكی ناوازە بوو لە دەروونتا
دەست و پەنجەی شیعرەكانمە شمشاڵی مەمكت دەژەنێ
گەرمەلێكی سەركەش لەسەربەرزایی سینگت نیشتەوە
ئەوە بولبوولی شیعرمە هاتووە بۆ مەمكەكانت بخوێنێ
ئەگەر رۆژێك ئازادیت بۆ مەمكەكانت ویست
شمشێری شیعرەكانم ئامادەیە ستیانەكەت بدڕێنێ

٢٥-٦-٢٠١٥

سوێد- ستۆكهۆڵم

## ڕۆژ و وەرزەکانم

بەیانیان لە پیاڵەی قەسیدەدا دەتخۆمەوە
نیوەڕوان لەسەرزنەی شیعرپێکدەگەین
ئێواران لە ئاسمانی ئەشقدا دەفڕین
شەوانیش دەتگرمە چوارچێوەی شیعرو
لە ژوور سەری خۆما هەڵتدەواسم
****
هاوینان لە گەرمی لەشتا دەتوێمەوە
پایزان وەگ گەڵایەکی زەردهەڵگەڕاو
ڕەشەبای ئەشقت دەمبا
زستانان لە بەفری جەستەتا
سەمایەکی جادوویی دەکەم
بەهاران لە ڕۆحی تۆدا
سەرلەنوێ چرۆ دەکەمەوە

سوێد- ستۆکهۆڵم

# غـوربــەت

ئەم غوربەتە
هەررۆژەی پارچەیەك لە رۆحم دەوەرێنێ
ئەم غوربەتە
هەموو بەیانییەك گەڵایەك لە باڵام دەکاتەوە
ئەم غوربەتە
هەموو عەسرێ خەندەیەك لە لێوم دەدزێ
ئەم غوربەتە
هەموو ئێوارەیەك شادی لە خەیاڵەکانم دەتۆرێنێ
لەم غوربەتەدا
چاوەڕێم شەوێك تۆ بێی
لە دڵی پەروانەیی خۆتدا
گشت پارچە شکاوەکانی رۆحم کۆبکەیتەوە

٢٠١٥-٩-١١

ئەڵمانیا- نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

## دەستگرتن

دەستم بگرە
بەرەو مەملەکەتی جەستەت
دەستم بگرە
بۆ سەرچاوەکانی چێژ
دەستم بگرە
بەرەو کانگای ماچ
دەستم بگرە
بۆ دنیای ماموسان
دەستم بگرە
بەرەو چرکەکانی ئاوێتەبوون
دەستم بگرە
بۆ قووڵاییەکانی دڵت
دەستم بگرە
بەرەو مەرگی پێکەوەیی
دەستم بگرە
توند توند دەستم بگرە
تەنها بۆ دابڕان دەستم مەگرە

٢٠١٥-٨-١٥

ئەڵمانیا- شتاینهاگن

# گەر تۆ بێی

گەرتۆبێی، چراکان خامۆش نابن، ئەستێرەکان کۆچ ناکەن
ئەگەرتۆبێی دەریاکان لە شەپۆل ناوەستن، دەرگاکان داناخرێن
گەرتۆبێی، شەو ماڵی بۆپشتی تیشکی هەتاو دەگوازێتەوە
ئێوارە زەرد هەڵدەگەڕێ و سەری بۆ تاریکی گەردون هەڵدەگرێ
گەرتۆبێی، من بەرلەوەی کراسی کۆچێکی سوورلەبەربکەم
وەك مۆم، بۆرووناکی هەنگاوەکانت هێدی هێدی ئەتوێمەوە

# خەرمانێک لە ئەشق

«شیعری گۆرانی»

دەمم لە نێو شیرینی دەمی تۆدا بۆ ئەبەد ئەتوێتەوە
رۆحم چرۆیەکی وشکە لە باخی مەمکتا ئەڕوێتەوە
کاتێك دێیتە باوەشم گیانی مردووم زیندوو ئەبێتەوە
هەستی خامۆشم وەك ژیلەمۆ سەرلەنوێ ئەگەشێتەوە
دەستی لەرزۆکم لەناو دەستی تۆدا هێزی بۆ ئەگەڕێتەوە
چرای کوژاوەی دڵم بە خوێنی ئەشقت هەڵئەکرێتەوە

****

چاو ببڕە چاوی تارم بە تیشکی گلێنەت رۆشن دەبێتەوە
وەرە جەستەی گەرمت با لە لەشی ساردم نەبێتەوە
رێژنەی ماچت بەسەرلێوی وشکما بە لێزمە ببارێنە
ئازیزم، رۆحی شەیدام لە نێو مێرگی سینگتا بڕوێنە
بە یەك نیگای جادوویت خەیاڵی شیعرم ببزوێنە
جوانیت ئەبێ بە قەسیدە، خەیاڵیشت ئەکەم بە وێنە

****

خەونەکانت بخە واقیعی منەوە، ئەتگەیەنمە بەهەشت
خـەیـاڵـت بهێنـە بـۆ نـاو دڵـی منی ئیـمپراتـۆری هـەسـت
بە خوێنی قەسیدە، درێژترین داستانت بۆ ئەنووسمەوە
هەستت بڕژە ناو هەستم، بۆ ئەبەد بمێنە لە تەنیشتمەوە
پەیـمـانێکـت پێ ئـەدەم ژیـانـم بـۆ تـۆ، مـەرگـم بـۆ خـۆم
تـۆش پـەیـمـانێـك بـدە و بڵێ بـۆ هـەمـیـشـە مـن بـۆ تـۆم

****

لـە رۆحـمـا تـۆ ئـەژیـت و منـیش تـنـۆکـێکم لـە بـاران
تـۆ فـریـشـتـەی زەویــت و منـیش ئـەسـتـێرەی ئـاسـمـان
جـوانـیـت هـێـنـدە نـاوازەیـە دەسـتـەوەسـتـانـە زمـان
وەك تـابـلـۆیـەك پـڕت کــردووم لــە خـەیـاڵ و رامــان
هـیـچ نـاوێـك بـۆ تـۆ شـك نـابـەم، فـریـشـتـەی جـوان!
خـۆت ون مـەکـە، تـۆ بـۆ مـن بـووی بـە هـەمـوو ژیـان

****

ئۆکتۆبەری ٢٠١٦
ئەڵمانیا - کۆڵن

## یانزە گووڵ بۆ پرچی تۆ

-١-

گووڵدانێك لە كاسە سەرمدایە

گۆرانییەكیش لە قورگما

باخێك لە خەیاڵدامدایە

تۆش

لە دوێنی و ئەمڕۆ و سبەینێما

-٢-

ژووەكەم سارد و سڕنابێ

رۆحم هەست بە تەنهایی ناكا

خەونەكانیشم لێ نازڕێ

ئەو دەمەی بە چرپەوە

پێمدەڵێی خۆشم ئەوێی

-٣-

سەیری کڵاورۆژنەی باڵام بکە

مۆمێك لە ژوورەکە داگیرسێنە

میلی کاتژمێرەکە رابگرە

ئەمەوێ لەگەڵ تۆ زەمەن بوەستێ

-٤-

زنەی ئەشکی چەند ساڵەم وشك ئەبێ

زمانی شیعرم لە گۆ ئەکەوێ

دەستەکانم ئەکەونە لەرزین

ئەو ساتەی

دەمم پڕشیلەی ماچت ئەبێ

-٥-

زەنگی کەنیسەکە لە گوێما ئەزرنگێتەوە

کورسییە تەنهاکەشم هەر دەلەرێتەوە

دوو کووپ قاوەی گەرمم ئامادەیە

هەموویم خستۆتە چاوەڕوانی هاتنتەوە

-٦-

لە ناو دڵی تاریکیدا دۆش داماوم

شەقامی رووناکی ئەشقتم لێ دیارە

نازانم منم هەنگاو بەرەو ئەوێ ئەنێم

یان شەقامەکەیە بە راکردن بەرەو من دێ؟

-٧-

له سه‌هۆڵستانی رۆحما هه‌ڵده‌له‌رزم

ئاگردانی دڵم له دووریت کز و خامۆشه

هه‌ستم نقوومی ته‌متوومان بووه

چاوه‌ڕێتم وه‌ك چرایه‌ك له مندا داگیرسێ

-٨-

زۆرجارتا سنووری شێتی بێزار ده‌بم

ختووره‌ی خۆکوشتن له مێشکما گینگڵ ده‌خوا

بۆ چه‌ند ساتێك بیرله تۆ ئه‌که‌مه‌وه

له هه‌مووی په‌شیمان ئه‌بمه‌وه

به بزه‌وه ئه‌ڵێم ئێستا ئه‌ویش بیری من ئه‌کا

-٩-

هه‌میشه ده‌ریام پێ جوانه

شه‌پۆله‌کانیش خۆمم بیر ده‌خه‌نه‌وه

که چۆن له ئێواره‌یه‌کی پڕ شه‌پۆلدا

وه‌ك ره‌شه‌بایه‌ك خۆم کرد به ماڵی دڵتا

-١٠-

ئه‌شقی من له پایزدا چرۆی کرد

چه‌ند جوانه ئه‌و گووڵه‌ی له پایزدا ده‌پشکوێ

تاقانه‌ترین گووڵ و دیارترین گووڵه

چوونکه له دڵی خه‌زاندا هاتۆته ده‌رێ

-١١-

یەکەمین لاپەڕەی دڵتم کردەوە

لەسەریم نووسی خۆشم ئەوێ

ئیتر لەوساوە بووە بە پیشەم

هەموو رۆژێ لاپەڕەیەك هەڵدەدەمەوە

تەنیا ئەزانم تیا بنووسم خۆشم ئەوێ

ئەڵمانیا - بیلەفێڵد

٢٠١٦-١١-١١

## سێ دیمەن لە ئەشق

**یەک**

کاتێك ئاشق بووم
گشت پەنجەرەکانی خۆشبەختیم لەسەرخۆم داخست
تاکە دەرگای خەم و پەژارەم کردەوە
کاتێك ئاشق بووم
هەموو خەندە و قاقاکانم لە خۆم تۆراند و
ئامێزم بۆ فرمێسك و ئاه هەڵکێشان کردەوە

**دوو**

بۆ ئەوەی مەلی خەندەکانت بۆ ئەبەد نەفڕن، ئاشق مەبە
بۆ ئەوەی رێگە لە لافاوی فرمێسك بگریت، ئاشق مەبە
بۆ ئەوەی پەنجەرەکانی خۆشبەختیت دانەخرێ، ئاشق مەبە
بۆ ئەوەی نەبیتە هاوڕێی شەقامە تەنیاکان، ئاشق مەبە
بۆ ئەوەی زیندوو بمێنیتەوە، هەرگیز ئاشق مەبە

**سێ**

کە مناڵ بووم

وام ئەزانی ئەشق تەنیا گەمەی گەورەکانە

ئێستا گەورە بووم

ئەزانم ئەشق تەنیا گەمەیەکی مناڵانەیە

کە مناڵ بووم وام ئەزانی ئەشق یاری بەختەوەرییە

ئێستا گەورە بووم

ئەزانم ئەشق گەمەکردنە بە ئاگر

# سەدای ئەشق

که لێت دووربم هێندەی ئاوی دەریاکان فرمێسك دەڕژم
که ناتبینم ئەگەربۆ چەند چرکەیەکیش بێ
وا هەست ئەکەم کەوتوومەتە ژێرهەرەسی چیایەکەوە
ئازیزم، بیرلە ئەشقی من بکەرەوە چەند گەورەیە
کاتێ کردیانە سەربانی هەور شی بووەوە بۆ باران
ساتێ کردیانە سەرزەوی بێروون سەرتاپا بووە باخ
بیرلەوسۆزە بکەرەوە لە دەنگ وپێکەنینەکانما هەیە
چی مۆسیقارەکانی دنیایە ئەیانەوێ بیکەنە ستران
رازی دڵم بۆتۆو خودا ئەکەمەوە ئەی شازادەترین یار
با سەدا و ناڵینی دڵم بگاتە دوورترین شوێنی ئاسمان

# یەکەمین ئاشق

من یەکەم راهیبی ئاینی ئەشقم
یەکەم وەحی ئەشق بۆمن هاتە خوارەوە
یەکەم ئایەتی ئەشق من نووسیوومە
یەکەم قوربانی ئەشق هەرمن بووم
یەکەم دۆڕانی ئەشق لە چارەی من نووسرا
یەکەمجارمن ئاشق بووم
ئەوانیدی هەریەك گاڵتەجاڕانە شوێن هەنگاوەکانم کەوتن
یەکەم ئاوی ئەم ئەشقە نەفرەتییە من رشتم
یەکەمین وانەکانی ئەشق لە قوتابخانەکەی مندا وترایەوە
یەکەمین ئاوازی ئەشق بە پیانۆی رۆحی من لێدرا
یەکەمین ئاگری ئەشق لەسەردڵی من کرایەوە
یەکەمین ئاشق خۆم بووم و
کەس ئەم سەروەرییەم لێ زەوت نەکات
یەکەمین ئاشق خۆم بووم

بەلجیکا - برۆکسل

ئابی ٢٠١٤

## فریشته

زۆرگەڕام تا تۆم دۆزییەوە

بینیم تۆهەمان فریشتەی نێوخەونەکانم بوویت

****

فریشتەکەم.. دەستم بگرە

با سەما بکەین

با گۆرانی بۆئەشق بڵێین

****

فریشتەکەم.. لە دووریی تۆ

لەناوبەستەڵەکی ئەشقدا توامەوە

****

فریشتەکەم.. هەست بە سەرما دەکەم

بە سۆزی گەرمت لەم زەمهەریرە دەرمبێنە

****

فریشتەکەم.. خەریکی خوێندنەوەی تۆبووم

کەچی بینیم باسی خۆم دەکەم

دانیمارك - کۆپنهاگن

## ئەویندار

ئەمڕۆ لە دڵی ناسکی تۆدا
خەریکە وەك مۆم ئەتوێمەوە
****
من و تۆ لە یەکتر ناچین
نا. نا.. من و تۆ یەکێکین
****
لە ئەمڕۆوە بیر لە تەنیایی مەکەرەوە
کەرتێك لە خۆتت دەستکەوتەوە
****
تۆ گەورەترین جادووگەریت
بە وشەکانت ڕۆحم ئەهێنیتە سەما
****
ئەشقێك لە ناخمدا چرۆی کردووە
هەرگیز جەستەم توانای هەڵگرتنی نییە

سوێد - ستۆکهۆڵم

# دۆڕان

ئەشق سەرچڵییەکی نەفرەتلێکراوە و

هەمیشە پاڵەوانە راستەقینەکانی دۆڕاون

*****

دۆڕانی راستەقینە لە ئەشقدا

رۆژی کەژاوەی زێڕینە

*****

مرۆڤی دۆڕاو لەم گەردوونەدا نییە

مەگەرئەوەی ئەشقی نەناسیبێ

*****

ئەگەرخۆت بە براوە بزانیت

دڵنیابە هەرگیزئاشق نەبوویت

****

ئەشق گەمەی دۆڕاوەکانە

هەرگیزخەون بە بردنەوەوە مەبینە

سوێد - ستۆکهۆڵم

## پێش غروب

مەعشوقەکەم

پێش غروبی تەمەن

پێکێك لە شەرابی ئەشقم بنۆشە

*****

مەعشوقەکەم

پێش غروبی تەمەن

ئێوارەکانم پڕبکە لە پێکەنین

****

مەعشوقەکەم

پێش غروبی تەمەن

بەخەندەیەك لەگەڵ ژیان ئاشتم بکەرەوە

*****

مەعشوقەکەم

پێش غروبی تەمەن

بهێڵە بۆنی ڕێحانەی ڕۆحت بکەمەوە

سوێد - ستۆکهۆڵم

# چل یادی فەریبا*

پێشکەشە بە ڕۆحی زیندووی فەریبا قازی

چل ڕۆژە

ئاسمان چل ئەستێرەی خۆی شاردۆتەوە

زەوی چل دەریای خۆی کردووە بە بیابان

پێدەشت چل نێرگزی لە خوێن هەڵکێشاوە

چیا چل لوتکەی خۆی لە دەستداوە

چل ڕۆژە

چل رووبارلە ئوستڕالیاوە«[1]» بە کراسی خەمەوە

بەرەو سابڵاخ بەڕێوەن

چل بووکی تارا رەش لە چوارچرای قازی

لەم سەفەرەتدا هاتوونەتە پێشوازیی

چل ڕۆژە

چل ئەسپسواری ماندوو بە بەرزاییەکانی دڵی

مێژوودا سەرئەکەون

چل شاخ یەکتری لە ئامێزئەگرن و بەسەر
دۆڵەکاندا فرمێسک ئەڕژن
چل رۆژە
چل فریشتەی کراس زەرد و سوور
چل سوورەتی رەشپۆش ئەنووسنەوە
چل رۆژە
چل باخی مهاباد «٢» شیوەن ئەگێڕن
چل کڵپەی ئاگر
لە خانەقای شەمزینانەوە «٣» چەخماخە ئەدات
چل رۆژە
چل دارئەرخەوانی سەرمەزاری پێشەوا «٤» مانیان گرتووە
چل دارتووی باخی میکائیل «٥» خۆیان کوشتووە
چل رۆژە
چل کانی لە «سیدنی»یەوە «٦» هەڵدەقوڵێن و
بەرەوسەدی مهاباد «٧» رێچکەیان گرتووە
چل چڵە رەیحانە بۆنی هەناسەت
ئەگەیەننە عەرشی خودا
چل رۆژە
چل خەندە بە مردوویی لە دایکبوون
چل ئومێد بە ئاسمانەوە هەڵوەرین
چل رۆژە

چل هەزار شەهید

چل هەزار ئەنفالکراو

چل هەزار ژنی تیرۆرکراو

چل هەزار چۆلەکەی باڵشکاو

بەدیاریەك بزەی لێوتە

کە چل رەنگی ئەنواند

بە بێ بادە مەست و سەرخۆشن

چل رۆژە

چل خونچە گووڵ بە قەرسیلی

چل باخچە بە رەشپۆشی

چل فانۆس لە تاریکی شەوی تاردا

چل پێکەنین لە قوڵپی گریاندا

هەموو رێگەیان ون کردووە و

بەدوای زەردەخەنە سیحراوییەکەتەوە وێڵن

چل رۆژە

چل خەیاڵی سەرخۆش

چل خەونی قووڵ

چل وەنەوزی ئێواران

چل بەیانی لێو بە بزە

لە کابووسدا باوەشیان بە یەکدا کردووە

چل رۆژە

چل داستانی نەبڕاوە
چل چیرۆکی نائومێد
چل ڕۆمانی تەژی تراجیدیا
چل هەزار شیعر و قەسیدە
زمانیان لە گۆ کەوتووە
ناتوانن لە خۆیاندا جێت بکەنەوە
چل ڕۆژە
ئەڵێی چل هەزارە ساڵە مردووم و
چل هەزار ساڵە پێنەکەنیووم و
چل هەزار سەدەیە نەمبینیووی
چل ڕۆژە
چل ڕۆژە
چل ...

## پەڕاوێز:

١- ئوستراليا، ئەو وڵاتە بوو فەريبا لێی دەژيا

٢- مهاباد، مەبەست شاری مهابادی زێدی لە دايكبوونی فەريبايە

٣-خانەقای شەمزينان يان شەمزينييەكان جێگەی ئاينی دياری شاری مهابادە

٤-پێشەوا ئاماژەيە بە پێشەوا قازی محەمەدی نەمر

٥-باخی ميكائيل «پاركی ميلەت» يەكێكە لە باخە دێرينەكانی شاری مهاباد

٦-سيدنی، شارێكی وڵاتی ئوستراليايە، فەريبا لەوشارە دوا هەناسەی دا

٧-سەدی مهاباد، بەربەستێكی ئاويە لە شاری مهاباد.

*فەريبا قازی، ژنە تێكۆشەی كورد لە رۆژی ١٣-١١-٢٠١٦ لە ئەنجامی نەخۆشی شێرپەنچە ژيانی لەدەستدا.

بە تیشکی ئیشقت

ئەدرەوشێمەوە